# ئاڵنگاریە ناوخۆییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان دوای ساڵی ٢٠٠٣ [1]


| |
|---|
| رمضان أحمد رشيد |
| قوتابی دکتۆرا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی - کولێژی زانستە سیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| Email ramadan.rashid@auas.edu.krd |
| پ. ی. د. زبیر ڕەسول ئەحمەد |
| بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی - کولێژی زانستە سیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| Email: zubir.ahmed@su.edu.krd |



| | | |
|---|---|---|
| وشەکلیلیەکان: | Received: 01/10/2025 | ID No. 5208 |
| هێزەکانی پێشمەرگە، پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت، ئاڵنگاریە ناوخۆییەکان. | Accepted: 23/11/2025 | (PP 223 - 255) |
| | Published: 15/02/2026 | https://doi.org/10.21271/zjlp.24.41.10 |



## پوختە

پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت پرۆسەیەکی درێژخایەن و بەردەوامە کە بریتیە لە دامەزراندن و پەرەپێدانی دامەزراوە حکومییەکان و ژێرخانی سیاسی و کارگێڕی و یاسایی پێویست بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆیان جێبەجێبکەن و توانای بەردەوامبوونیان هەبێت. بۆ هەرێمی کوردستان هێزەکانی پێشمەرگە یەکێکە لە فاکتەرەکانی ئەم پرۆسەیە، بەڵام ئەم هێزانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری ناوخۆیی جۆراوجۆر بوونەتەوە کە کاریگەری نەرێنییان کردۆوەتە سەر بەشداریکردنیان لەم پرۆسەیدا. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە وەدایە کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بابەتێکی هەستیاری پەیوەست بە خواستە نەتەوەییەکانی کورد، هاوکات دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو ئاڵنگارییە ناوخۆییانە دەکات کە ڕێگرن لە بەشداریی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2003. گرفتی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردن و شیکردنەوەی ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان کە ڕووبەڕووی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە دەبنەوە لەم پرۆسەی گرنگەدا. توێژینەوە هەوڵ دەدات بۆ ئامانجێکی سەرەکی: دیاریکردنی ئاڵنگاریە ناوخۆییەکان وشیکردنەوەی کاریگەریان لە سەر ئەدا و ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یەوە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی جۆریە(Qualitative)، ڕێبازی شیکاری وەسفکەر بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان پشتی بەستووە بە سەرچاوەی سەرەکی وەکو ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی مەیدانی قوول بە شێوازی نیمچە ڕێکخستی لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردەی سیاسی و فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە، لەگەڵ سەرچاوەی لاوەکی وەکو ڕاپۆرتەکان، پەرتووک، جۆرناڵی ئاکادیمی بە زمانە جیاوازەکان، لێدوانە فەرمییەکان. لە کۆتاییدا توێژینەوە


(1) ئەم توێژینەوە هەڵێنجراوە لە تێزی دکتۆرای قوتابی (رمضان احمد رشيد) بە ناونیشانی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان دوای ساڵی ٢٠٠٣) بڵاونەکراوە، بەشێکە لە پێداویستیەکانی پرۆسەی تاوتێکردن وبەخشینی بڕوانامەی دکتۆرا.

گەیشتە چەند ئەنجامێک لە وانە: سەرەڕای ئەوەی کە تێڕوانینە تیۆریەکان وپراکتیکیەکان کۆکن لەسەر بوونی ئاڵنگاری سیاسی، دامەزراوەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ناکۆکن لە سەر ڕێژەی کاریگەری ئەو ئاڵنگارییانە لەسەر ئەدای بەرگریکرن لە نیشتیمان و کوردستانیان. هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان تێڕوانینی تیۆری و بۆچوونە پراکتیکیەکان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان، لە کاتێکدا لایەنی تیۆری سەرنجی لەسەر پێویستی ئەنجامدانی چاکسازی قووڵ لە ڕووی پێکهاتەیی کردەوە، بۆچوونە پراکتیکیەکان زیاتر جەخت لەسەر دەسکەوتەکانی ئێستا و توانای چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان قۆناع بە قۆناغ دەکەنەوە بەبێ گۆڕانکاری ڕیشەیی.

## پێشەکی

**یەکەم- دەروازەیەك بۆ ناساندنی بابەتەکە:**

ئەو دۆخە سیاسی و ئەمنییە ئاڵۆزەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق دروستبوو بەهۆی گۆڕینی ڕژێمێکی دکتاتۆر و دڕندە کە بۆ نزیکەی ٢٥ ساڵ حوکمی لە عێراق کرد، گاریگەری زۆری هەبوو لەسەر پرۆسەی حوکمرانی لە عێراق وکۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەی لە شێوازی سیستەمی سیاسی وحوکمرانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە دوای خۆیدا هێنا، هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدراڵی بە فەرمی ناسێنراوە لەسەر بنەمای مادەی یەکەمی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ [1]، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ەوە هەرێمی کوردستان بە هاوکاری هاوپەیمانان قەوارەیەکی سیاسی هاوشێوەی کیانێکی دیفاکتۆ رەفتاری کردووە، دامودەزگا بنەڕەتیەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی تێدا بونیات نراوە، وەک دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)، دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)، دەسەڵاتی دادوەری، سەرۆکایەتی هەرێم، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، جگە لە بوونی هێزی سەربازی بۆ پاراستنی گەل و خاکی کوردستان کە ئەویش هێزەکانی پێشمەرگەیە کە بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت بەهۆی ئەو ڕۆلە گرنگەی کە لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و حکومەت و دامەزراوەکانی هەبووە.

هێزەکانی پێشمەرگە بە سوپای هەرێمی کوردستان دەناسێنرێت، ماددەی (١/٢)ی یاسایی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە ناساندووە بریتیە لە هێزێک بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بەرگریکردن لێی و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، ئەم ئەرکانە هاوشێوەی ئەرکی هەر سوپایەکی فەرمییە لە هەر وڵاتێک [2]، هەر وەها دەستووری هەمیشەیی عێراقیش لە ماددەی (١٢١/ خامسا) مافی بە هەرێمەکان داوە کە هێزی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ پاراستنی سەقامگیری و بارودۆخی ئەمنی خۆیان، هەرچەندە لەو مادده دەستوورییەدا ناوی( حرس الاقليم) هاتوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە هێزەکانی پێشمەرگە ناسراوە ، بۆیە لە ڕووی یاسایی و شەرعی دانپێدانراوە وەک هێزێک بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دژی هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆ و دەرەکی[3].

بێ گۆمان هێزەکانی پێشمەرگە ئامرازێکی بەهێزە لە دەستی دەسەڵاتی سیاسی بۆ پاراستنی کیانی هەرێمی کوردستانە ئەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرۆسەی بونیاتنای دەوڵەت دروست دەکات لە ڕێگەی دابینکردنی سەقامگیری و پشتیوانیکردنی دامەزراوەکانی تر بۆ جێبەجێکرنی ئەرکەکانیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزایەکان بە شێوەیەکی کارا، بەڵام ئەم هێزانە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری ناوخۆیی جۆراوجۆر بوونەتەوە کە کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر ڕۆڵیان، بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات بەدواداچوون و شیکردنەوە بۆ ئاڵنگارییەکانی

---

(1) بڕوانە : ماددەی (١) ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی٢٠٠٥.

(2) بڕوانە: ماددەی (١/٢)ی یاسایی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمانی کوردستان.

(3) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماددەی (١٢١/ خامسا) لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق لە ساڵی٢٠٠٥.

ناوخۆییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا لە هەرێمی کوردستان بکات بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یەوە .

**دووەم- گرنگی بابەتەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی هەستیار و گرنگ ئەویش رۆلی هێزەکانی پێشمەرگەیە لە پرۆسەیەکدا کە ئامانجی نەتەوەیی گەلی کوردە ئەویش پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتە، هەر وەها دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو ئاڵنگارییانە ناوخۆییانەی کە ڕووبەڕووی هێزەکانی پێشمەرگە دەبنەوە لە چوارچێوەی ئەم پڕۆسەیە گرنگەدا.

**سێ یەم- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی سەرەکی وەکو :**

1. دیاریکردنی ئالنگاریە ناوخۆییەکانی بەردەم رۆلی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یەوە .
2. شیکردنەوەی کاریگەری ئەم ئاڵنگارییانە لە سەر ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یەوە .

**چوارەم- گرفتی توێژینەوەکە:**

پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت بە واتای بەهێزکردنی دامەزراوە هەبووەکان و بونیاتنانی دامەزراوەی نوێ کە  توانای ئەوەی هەبێت ئەرکە پێویستەکانیان جێبەجێبکەن وەکو دابینکردنی ئەمن وئاسایش وپێشکێشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان وبەرگریکردنی نیشتیمان لە دژی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی وپەیرەوکردنی سیاساتی پێشەسازی و کۆمەڵایەتی و دووبارە ڕێکخستنەوەوی دابەشکردنی داهات بە مەبەستی گەیشتن بە سەقامگیری سیستمی سیاسی ، چونکە هێزی دەولەت لە بەهێزی دام و دەزگاکانیدایە لە ڕووی کارگێری و دامەزراوەییەوە، بۆیە بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان، هێزەکانی پێشمەرگە یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یەوە، بەڵام ئەم هێزانە ڕووبەڕووی هەندێک ئاڵنگاری ناوخۆیی سەخت بوونەتەوە کە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر ڕۆڵیان و هەندێک جار بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم هێزانە نەتوانن وەکو پێویست ئەرک و وەزیفەیان جێبەجێبکەن، بۆیە توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ بەدواداچوون و شیکردنەوەی ئەم ئاڵنگاریانە بە مەبەستی دەستنیشانکردنیان و دیاریکردنی چونیەتی کاریگەریەکانیان لە سەر رۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لەم پڕۆسەیەدا .

**پینجەم-چوارچێوەی توێژینەوەکە:**

**چوارچێوەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو جۆر بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**چوارچێوەی بابەتی:** ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە بابەتی ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان.

**چوارچێوەی کات:** توێژینەوەکە شیکردنەوە و بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکات لە ماوەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٢٥.

**شەشەم- میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی جۆریە (qualitative)، کە بریتییە لە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان بە شێوەیەکی گێڕانەوە و لۆژیکی بە مەبەستی تێگەیشتن لە دیاردەیەکی دیاریکراو، توێژینەوەکە ڕێبازی شیکاری وەسفکەر

بەکارهێناوە بۆ دەستنیشانکردن و وەسفکردن و شیکردنەوەی ئەو ئاڵنگارییانە ناوخۆییانەی کە ڕووبەڕووی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا لە هەرێمی کوردستان دەبنەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣یەوە.

هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان پشتمان بە دوو سەرچاوە بەستووە، سەرچاوەی سەرەکی / ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی مەیدانی قوول لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکان و فەرماندەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوازی نیمچە ڕێکخراو (Semi-structured)، سەرچاوە لاوەکی/ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە نوسراوەکان وەکو ڕاپۆرت، پەرتووک، جۆرناڵی ئاکادیمی، لێدوانە فەرمییەکان.

حەوتەم- توێژنەوەکانی پێشوو:

بۆ مەبەستی زیاتر وەرگرتنی زانیاری و ئاشنابوونی بابەتەکە ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی بەردەم رۆلی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەولەت لە هەرێمی کوردستان گەراین بەدوای سەرچاوە زانستیەکان بە تایبەتی ئەوانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان باسی بابەتەکە دەکەن وەکو :

(١) توێژینەوەی (Feike Fliervoet :2018) Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq[1]. ، ئەم توێژینەوە باسی لە گرنگی وئارمانج وپرسیار وئارگومێنت ومیتودۆلۆژیای نەکردووە ، بەلام وا دیارە چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە وپشتراستکردنەوەی زانیاریەکان، هێزەکانی پێشمەرگە بە هێزێکی ئەمنی ئاڵۆز و فرەلایەنە وەسف دەکات کە دڵسۆزییان لە نێوان عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییە جیاوازەکان و کەسانی زلهێزدا دابەش بووە، توێژینەوە بەدواداچوون و لێکۆلینەوە لە ئەرکە ئەمنییە جیاوازەکانی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات، وپرسار دەکات کە کام ئەرکی ئەمنی زاڵە بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەدا؟ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەم ڕاپۆرتەوە جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئایا چاکسازییە پێشنیارکراوەکان ڕۆڵی پێشمەرگە وەک ڕێکخراوێکی ئەمنی تێکەڵاو لە بەرژەوەندی ڕۆڵی وەک ڕێکخراوێکی فەرمی ئاسایشی دەوڵەت یەکلادەکاتەوە، یان ڕۆڵی وەک ڕێکخراوێکی ئەمنی دژە ڕژێم.

ئەم کورتە تێڕوانینە گشتییە و شیکارییەکانی پێشووتر ڕێگە بە چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەدات سەبارەت بە پەیوەندی و کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگە هەم لەسەر حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق. سەرنجی یەکەم ئەوەیە کە ناتەبایی سیاسی لە نێوان لایەنە کوردیەکاندا گەورەترین بەربەستە لەبەردەم حوکمرانی هەرێمی کوردستان.سەرنجی دووەم ئەوەیە کە پارتی ویەکێتی بە زیرەکییەوە رەفتاریان کردووە بۆ چەکدارکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بەخۆیان، چونکە لەڕێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە توانیویانە پاڵپشتی دەرەکی بۆ خۆیان ڕابکێشن لە هەمان کاتدا هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگەی سەر بە حزبی خۆیان.سەرنجی سێیەم ئەوەیە کە کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە کەرکوک ئەوە دەردەخات کە بێمتمانەیی و دووبەرەکی نێو کورد لە هەردوو ئاستی سیاسی و سەربازیدا هەروا بە شێوەیەکی بەرفراوان دەمێنێتەوە.

لە کۆتایدا توێژینەوە گەیشتووە هەندێک ئەنجام وەکو: جێگای سەرنجە لە دەرئەنجامی کردەوەکانی کورد وا دیارە پێشمەرگە گەیشتووەتە چنگاڵێک لە ڕێگاکەدا: دەبێت لە نێوان ڕێکخراوێکی فەرمی ئەمنی دەوڵەتی و ڕێکخراوێکی ئەمنی دژە ڕژێمدا هەڵبژێرن. بۆ ئەوەی بتوانن هەریەک لەم ڕۆڵانە سەرکەوتووانە ئەنجام بدەن، دەبێت واز لە ئەرکی خۆیان بیهێنن وەک ڕێکخراوێکی ئەمنی تێکەڵاو کە خزمەت بە پارتە سیاسییە جیاوازەکان و ئەندامانی بەهێزی نوخبەی سیاسی کورد دەکەن.

---

(1) Feike Fliervoet, Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq, Netherlands Institute of International Relations Clingendael, CRU Report March), Netherlands, 2018.

**(٢) توێژینەوەی (Sardar Aziz & Andrew Cottey, A. :2021): The Iraqi Kurdish Peshmerga:military reform and nation-building in a divided polity[1]، ئەم توێژینەوە بەراشکاوانە باس لە ئامانج وگرنگی ومیتولۆدژنا وڕێبازی توێژینەوە ناکات، توێژینەوەکە شیکاری وهەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی چاکسازییە وچۆنیەتی بەرەوپێشچوونی دەخاتە ڕوو ، جەخت دەکاتەوە کە هەوڵە دەرەکییەکان بۆ پشتگیریکردنی چاکسازی لە هێزە چەکدارەکانی وڵاتان زیاتر سروشتی تەکنیکییان هەیە (وەکو گرنگیدان بە ڕاهێنان، دابینکردنی ئامێرەکان و کاریگەریی شەڕ)، و پشتگوێخستنی یان کەمکردنەوەی ئاستەنگە سیاسییە گەورەکان، هەر وەها جەخت دەکاتەوە کە دوو بەربەست لەبەردەم هەوڵەکان بۆ چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە هەیە، هەردووکیان ڕەگیان لە کۆمەڵگەی کوردی عێراقدا قووڵە: یەکەم: ململانێی درێژخایەن و بەردەوامی نێوان دوو لایەنی سەرەکی هەرێم (پارتی و یەکێتی). دووەم: وەسف کردنی پێگەی هێزەکانی پێشمەرگە بە ئەفسانەیی و قارەمانانە وڕێگەنەدان بە دەستکاریکردنی پێکهاتەکانی.**

**لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووە ئەم ئەنجامە، ئەم بابەتە شیکاری بۆ پرۆسەی چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە کە لە ساڵی ٢٠١٧ دەستپێکردووە، سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان پارتی و یەکێتی و بەردەوامی شەڕی ناوخۆی نەرم لە نێوان ئەو دوو حزبەدا وایکردووە هەردوو لایەن بە قووڵی دوودڵبن کە کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیان لەدەست بدەن. لە کاتێکدا ڕەنگە لە ڕووی تەکنیکییەوە چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە بەرەوپێش بچێت، بەڵام پێدەچێت هێزەکانی پێشمەرگە وەک ئامرازی پارتی و یەکێتی بمێنێتەوە نەک هێزێکی نیشتیمانی ڕاستەقینەی حکومەتی هەرێم. ئەفسانەی قارەمانانە پێگەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کۆمەڵگای کوردی عێراقدا، هەر وەها دەڵێت بەربەستێکی زیاتر لە بەردەم چاکسازییان پێکدەهێنێت. بەرەوپێشچوونی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی بەندە بە بارودۆخی سیاسی گەورەتری نێوان ئەو دوو حزبە.**

**(٣) توێژینەوەی (Antonio Giustozzi:2011): Double- edged swords:armies, elite bargaining and state building[2]، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کردنەوەی گفتوگۆیەک سەبارەت بە ڕۆڵی سوپا لە بونیاتنانی دەوڵەتدا لە ڕوانگەی شیکاری سیاسییەوە. توێژینەوە چوارچێوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی دەزگا سەربازییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ نوخبە و بونیاتنانی دەوڵەتدا پێشنیار دەکات. گریمانەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە مامەڵەکردنی دەزگای سەربازی لەگەل نوخبەی سیاسی فاکتەری سەرەکیە بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی سەربازی لە قۆناغەکانی پێکهاتن و بونیاتنانی دەوڵەتدا.**

**توێژینەوەکە گەیشتووە چەند ئەنجامێک : یەکەم: سەپاندنی دەسەڵاتی مەدەنی بەسەر دەسەڵاتی سەربازی و بەدامەزراوەییکردنی هێزە چەکدارەکان، ڕەنگە لێکەوتەی نەرێنی پێشبینینەکراوی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر دەسەڵاتی مەدەنی لاواز بێت یان دابەشبوون. ئەم ڕێبازە هەمیشە گونجاو نیە، چونکە کاریگەرییەکانیان پەیوەستە بە چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانترەوە. بۆیە پێویستە ڕێبازێکی فراوانتر و بژاردەی واقیعی دەستنیشان بکرێت وەک بەهێزکردنی قۆرخکاری دەوڵەت لەسەر توندوتیژی.دووەم: ناتوانرێت بە تەنیا پشت بە هاوپەیمانییە سیاسییەکان ببەسترێت وەک وەڵامێکی کاریگەر بۆ نیگەرانییەکانی فەرمانڕەواکان سەبارەت بە دڵسۆزی دامەزراوەیی زۆرەملێ. ئەزموونە مێژووییەکان بە ڕوونی نیشان دەدەن کە هاوپەیمانییە سیاسییەکان بەزۆری ناجێگیرن، لەگەڵ گۆڕانی تێڕوانینی لایەنەکان و کەسایەتییە بەشداربووەکان بە تێپەڕبوونی کات، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکۆکی زۆر لەسەر سروشتی هاوپەیمانییەکە و ڕەنگە ببێتە هۆی تێکدانی سەقامگیریی.**

---

([1]) **Sardar Aziz & Andrew Cottey, A. The Iraqi Kurdish Peshmerga: military reform and nation-building in a divided polity, Defence Studies, 21(2), (2021), pp. 226-241. Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/14702436.2021.1888644**

([2]) **Antonio Giustozzi, Double-edged swords: armies, elite bargaining and state building, Crisis States Research Centre, Working Paper No. 86, 2011, Available at: https://www.lse.ac.uk/international-development/Assets/Documents/PDFs/csrc-working-papers-phase-two/wp86.2-armies-elite-bargaining-and-statebuilding.pdf**

(٤) توێژینەوەی( Hawre Hasan Hama :2018) بەناونیشانی

Partisan Armed Forces of Kurdistan Regional Government ([1]) .

ئەم توێژینەوەیە بەراشکاوانە باسی ئامانجی توێژینەوەی نەکردووە وهەر وەها بەروونی پرسیاری توێژینەوە ومیتودولۆژیای دیار نیە، بەلام لەکاتی خوێندنەوەی توێژینەوەکە وا دیار ئارگومێنتی سەرەکی ئەوەیە کەوا نەبوونی یەکگرتوویی نێوان هێزە دابەشبووەکانی پێشمەرگە وهێزە ئەمنیەکان و هاوبەشکردنی هەموو شتێک لەنێوان حزبەکان لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەی کۆمەلێک کێشەی تری گرنگە .

لە کۆتییدا توێژینەوەکە کەیشتووە هەندێک ئەنجام لەوانە : هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بە چڕی لە لایەن هەردوو حیزبی پارتی و یەکێتییەوە بە سیاسی کراون، نەبوونی یەکگرتوویی یان هەماهەنگی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان چەندین کێشە بۆ حکوومەتی هەرێم دروست دەکات لەوانە :ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی جیا، ئەگەری ڕوودانی شەڕی ناوخۆ ، لاوازی پێگەی سەربازی حکومەتی هەرێم بەرامبەر عێراق، وهەبوونی گەندەڵی، هەر وەها بوونی هێزە حزبییەکان ڕەگی هەموو قەیرانەکاتی ترە لە هەرێمی کوردستان ، بۆیە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ئاسانی و بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان کارێکی قورسە ئەگەر ئەو پرسانە چارەسەر نەکرێن .

توێژینەوەکانی پێشوو لە چەندین ڕوانگەی شیکارییەوە باسی بابەتی هێزەکانی پێشمەرگەیان کردرووە. توێژینەوەی Fliervoet (2018) تیشکی خستە سەر سروشتی تێکەڵاوی هێزەکانی پێشمەرگە و دابەشکردنی دڵسۆزی وئینتیمایان لە نێوان دەوڵەت و پارتە سیاسییەکاندا. توێژینەوەکەی Aziz & Cottey (2021) باسی ئاڵنگاریە سیاسی و دامەزراوەییەکانی بەردەم چاکسازیکردنی ئەم هێزانەی تاوتوێ کردووە کە ڕێگرن لە بەردەم ئەنجامدانی چاکسازی لە نێوان هێزە دابەشبووەکان لە ژێر کاریگەری دابەشبوونی درێژخایەنەکانی حزبیدا. توێژینەوەی Giustozzi (2011) چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان سوپاکان و پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت بە شیکردنەوەی کارلێکەکانیان لەگەڵ نوخبە سیاسییەکان خستەڕوو. لە لایەکی ترەوە توێژینەوەی Hama (2018) تیشکی خستە سەر واقیعی بەسیاسیکردنی حزبی و دابەشبوونی ناوخۆ لەناو دامەزراوە ئەمنییەکانی، سەرەڕای بەهای زانستی ئەم توێژینەوەیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان شیکارییەکی هەمەلایەنە و سیستماتیکییان بۆ ئەو ئاڵنگارییە ناوخۆییە فرەڕەهەندانە (سیاسی، دامەزراوەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، و ڕێکخراوەیی) نەخستەڕوو کە ڕێگرن لە ڕۆڵی پێشمەرگە وەک ئەکتەرێک لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت. جگە لەوەش، پەیوەندی شیکاری نێوان دابەشبوونی هێزە سەربازییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر لاوازی ئەدای دامەزراوەکانی حوکمڕانی و لەسەر پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت پشتگوێ خست. بۆیە توێژینەوەکەمان هەوڵدەدات ئەم بۆشاییە ئەکادیمییە لە ڕێگەی شیکارییەکی هەمەلایەنە بۆ ئەو ئاڵنگارییە ناوخۆییانە بکات کە کاریگەرییان لەسەر ئەدای هێزەکانی پێشمەرگە هەیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانیان لەسەر پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکەمان سوود لەم ئەدەبیاتە وەردەگرێت دەربارەی دروستکردنی چوارچێوەی تیۆری لەگەل شێوازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان بە تایبەتی ئەنجامدانی چاوپێکەتنی مەیدانی.

هەشتەم- پلانی تویژینەوە:

ئەم توێژینەوەکە بە پێشەکی دەست پێ دەکات کە لە کێشەی توێژینەوە و ئامانج و گرنگی و میتۆدۆلۆجیا و توێژینەوەکانی پێشوو پێکهاتووە، لەگەڵ سێ باسی سەرەکی: باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە، لە باسی دووەمدا ئالنگاریە سیاسی و ئەمنی و دامەزراوەییەکانی بەردەم ڕۆڵی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو، باسی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ بەدواداچوون وشیکردنەوەی ئاڵنگاریە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ڕۆڵی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان.

([1]) Hawre Hasan Hama, Partisan Armed Forces of Kurdistan Regional Government, Journal of South Asian and Middle Eastern Studies,usa, No. 2, Vol. 41, Winter 2018, pp.38-51.

## باسی یەکەم

## ناساندنی چەمکەکان

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر چەمکە پەیوەندیدارەکانی بەم توێژینەوە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە: لە داواکاری یەکەمدا باسی چەمکی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین، و لە داواکاری دووەمدا باسی چەمکی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت دەکەین .

### داواکاری یەکەم

### هێزەکانی پێشمەرگە

پێشمەرگە ووشەیەکی لێکدراوە لە دوو بەش پێکهاتووە (پێش) و ( مەرگ) ، واتە پێشمەرگە واتای ئەو مرۆڤە ئازایە دەگەیەنێت کەوا مەرگی خۆی پێش خۆی خستووە بۆ بەرگریکردن ورزگارکردنی نیشتیمان ونەتەوەکەی[(1)].

زۆربەی نووسەر وتوێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە ووشەی پێشمەرگە بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی دامەزراندنی یەکەم کۆماری نەتەوەیی خۆبەڕێوەبەری کوردستان ( کۆماری کوردستان لە مهاباد ) لە سالی ١٩٤٥بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد بەکارهێنرا لە جیاتی ووشەکانی (سەرباز، عەسکەر، فیدایی ) بۆ ناساندنی هێزی سەربازی کۆماری مهاباد، واتە ووشەی پێشمەرگە دەربڕینە لەو هێزە سەربازییە کوردیانەی کە قارەمانانە مەرگی خۆیان لە پێش خۆیان داناوە لە پێناو نیشتیمانەکەی و بەردەوام لە تێکۆشین و خەباتدایە لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد ولەسەرووی هەموویانەوە مافێ خۆبەڕێوەبەری وچارەی خۆنووسین ودەولەتبوون [(2)].

ئەوەی ئاشکرایە ووشەیەکی یەکگرتوو نیە بۆ ئەو جەنگاوەر وقارەمانانەی کەوا لەپێناو نیشتیمان ومیللەتی کوردستان گیان و مەرگی خۆیان لە پێش خۆیان دادەنێن کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان پەیروە بکرێت، بۆ نموونە لە باکووری کوردستان پێان دەوترێت (گەریلا)، ولە ڕۆژئاوای کوردستان پێیان دەوترێت(شەرڤان)، بەلام ووشەی(پێشمەرگە)لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان بەکاردەهێت[(3)].

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ یاسای ژمارە (٥) ی تایبەت بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی دەرکرد کە تێدا هاتووە لە هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە پێویستی هەرێمی کوردستان بە یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و دروستکردنی بەهێزێکی ڕێک و پێک بۆ پاراستنی ئاساییش وچەسپاندنی دەسەلاتی یاسا تێیاندا وبەرگری لێکردنی بەخاک و گەلیەوە و چارەسەرکردنی دیاردەی چەکداری ، هەر وەها بۆ بایەخدان ورێزلێنانی ڕۆڵی قارەمانانە وخەباتگێرانەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلولی سالی ١٩٦١ بەدواوە [(4)]، بەلام بە بۆچوونی توێژەر لە لایەک یاسایە کەم وکورتی تێیدا هەیە چونکە تەنها باسی خەباتگێڕان وشۆرشگێڕان دەکات کە لە ساڵی ١٩٦١یەوە بەدواوە ، باشە ئەی ئەوانەی پێش ئەم کاتە خەباتیانکردووە وگیانی خۆیان بەختکردووە ؟ لە ڕوویەکی ترەوە لە ماددەی (٣)ی ئەم یاسەیە ئەرکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دیاریکردووە وەکو بەرگریکردن لە یەکگرتوویی کوردستانی عێراق وپاراستنی لەهەر دەستدرێژیک چ لەرووی خاک

---

(1) سەفەر کەریم هاواری، پێشمەرگە وەک سیمبولێک لە دیرۆک و ئەدەبیات و هونەری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ، ٢٠١١، ل٨.

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. رەحیمی قازی، پێشمەرگە، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨-١٠؛ د. عمار عباس محمود، القضية الكردية إشكالية بناء الدولة، الطبعة الاولى، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، ٢٠١٦، ص٧٢-٧٣.

(3) د. ئومێد رفيق فتاح؛و عابد خالد رسول، پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو و ئاستەنگەکان، گۆڤاری لێکۆلینەوە ئەمنی و سیاسیەکان، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، کانوونی یەکەم، ژمارە(٢)، بەرگی(١)، ٢٠١٨، ص.١٥٣.

(4) بڕوانە: یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

یان گەل، وهەر وەها دەلێت وەزارەت ئەرکی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە وپێکهێنانی وەحەداتی نیزامی لە رووی مەش وراهێنان ودابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی، لەلایەکی ترەوە لە ماددەی (٦) دەلێت وەزراەتی پێشمەرگە بودجەی گشتی وەزارەت وئەو وەحدە تەنزیمیانە ئامادە دەکات کە پێوەی بەستوونەتەوە، ئەم هەموو ئەرک وکارانە وا دەردەخات کەوا پەرلەمانی کوردستان وەک (سوپای هەرێمی کوردستان) مامەڵە لەگەل هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە.

هەر وەها لە یاسای رێزلینانی پێشمەرگە ژمارە (٩) ی ساڵی ١٩٩٢ و لە ماددەی (١) بڕگەی (٢) بەم شێوەیە پێناسەی پێشمەرگە کردووە: هەر کەسێ چووبێتە رێزی شۆڕشەوە لەرووی سیاسی یا سەربازییەوە خەباتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کردبێ و لێیانی لانەدابێ و هاوکاری لەگەل دوژمنانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیدا نەکردبێ [1]، بە بۆچوونی توێژەر ئەم یاسایەش دەربارەی پێناسەکردنی پێشمەرگە هەمان کەم وکورتی یاسای پێشتری تێیدایە چونکە دەلێت هەر کەسێ چووبێتە ریزی شۆڕشەوە و لەبڕگەی(١)ی هەمان یاسا شۆڕشی ناساندووە بە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانی کە لە ١٩٦١/٩/١١ وە هەلگیرساوە ـ لەکاتێکدا وەکو ئاشکرایە کەوا مێژووی دەرکەوتنی ووشەی پێشمەرگە و هەر وەها دەستپێکردنی شۆرشەکانی کورد وخەباتکردن بۆ کاتێکی زۆر کۆنتر لەو رێکەوتە دەگەڕێتەوە ، وەکو دیارە ئەم یاسایە بۆ امتیازات وپلەدارکردن وخانەنشینکردنی پێشمەرگە دەرچووە.

لە ساڵی (٢٠٠٧) دووبارە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی نوێ بەناوی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق دەرکرد بە ژمارە (١٩) ، لە ماددەی (٨) یاساکەدا هاتوو کە یاسا ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٩٢ هەلوەشێنرایەوە و ئەم یاسایە جێگای دەگرێتەوە ، ئەم یاسایە نوێیە کە هیچ پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی نەکردووە، بەلام لە هۆیەکانی دەرکردنی یاساکەدا هاتووە لەبەر پێویستی هەرێم بۆ هێزێکی نیزامی بۆ پاراستنی هەرێم و بەرگریکردن لێی و دابین کردنی بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی و پالپشتی بەشداریکردن لە هێزە چەکدارەکانی عێراقی فێدرال لەکاتی پێویستدا ئەم یاسایە دەرکراوە ، لەلایەکی دیکەوە دووبارە لە ماددەی (٢) ئەرکەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی رێکخستۆتەوە وەکو: پاراستن و زێرەڤانی هەرێمی کوردستان و بەرگریی کردن لێی و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، پاراستنی کیانی سیاسی هەرێم و سیستەمی حوکمە دیموکراتییەکەی و پارێزگارێکردن لە دەزگا دەستوورییەکانی، پاڵپشتی کردنی حکومەتی فیدڕاڵ لە بەرگری کردن لە سەروەری و ئاسایشی عێراق بە پێی دەستوری فیدڕاڵی و یاساکانی هەرێم، دامەزراندنی پێکهاتەو یەکەی نیزامی سەربازی و مەشق پێکردنیان لەسەر هەموو هونەرێکی جەنگ وفێرکردنی زانستییە نوێیەکان، دانانی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ، دابین کردنی هەموو ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە نیشتەجێ کردن و چەکدارکردن و تەموین و گواستنەوە و خۆراك و مووچە وکاروباری دارایی و ژمێریاری وئاستی تەندروستی و جەستەیی وخزمەتگوزاری دیکە بۆ هێزەکان هەیە[2].

لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقیش پێناسەیەکی ڕوون بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی نەکردووە ، بەلام لە ماددەی (١٢١) برگەی (٥) دا هاتووە (تختص حكومة الاقليم بكل ما تتطلبه إدارة الاقليم، وبوجه خاص إنشاء وتنظيم قوى الامن الداخلي للأقليم كالشرطة والامن وحرس الاقليم) واتە دەستەواژەی حرس الاقليم لە جیاتی پێشمەرگەی بەکارهێناوە واتا هێزی پاسەوانی سنووری هەرێم [3].

بۆ بۆچوونی توێژەر ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەوا هێزەکانی پێشمەرگە لە چەند هێزی جۆراوجۆر وجێواز پێک دێن کە زۆربەیان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن بۆ نموونە : ئەو فیرقە ولیوا هاوبەشانەی کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، یەکەی هێزەکانی ٧٠، یەکەی هێزەکانی ٨٠، هێزی زێرەڤانی، لەشکری گولان ، هێزەکانی دژە تێرۆر، هێزەکانی بەرگری وفریاکەوتن، هێزی کۆماندۆ...هتد . بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ناوی هێزەکانی پێشمەرگە لە جیاتی هێزی پێشمەرگە بەکارهێنراوە لەبەر نەبوونی یەک هێزی یەکگرتووی نیشتیمانی کە لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەدابێت سەرەڕای بوونی هەوڵی بەردەوام بۆ یەکخستن ویەکگرتنیان .

---

([1]) بڕوانە : یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان.

()[2] بڕوانە : یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پەرلەمانی کوردستان .

([3]) بڕاونە: مادەی (121/ خامسا ) لە دەستوری هەمیشەیی کۆماری عێراق لە ساڵی (2005).

توێژەر پێی وایە مەبەست لە هێزەکانی پێشمەرگە هەموو ئەو هێزە چەکدارانەیە کەوا خەبات دەکەن لەپێناو بەرگریکردن لە خاکی هەرێمی کوردستان و مافە رەوا و پیرۆزەکانی گەلەکەی، چ رێکخراربن و سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بن یان سەر پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بن و رەنگە لە ئەنجامی پرۆسەی چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە یەکبخرێن وبکەونە ژێر کۆنترۆل وفەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە .

## داواکاری دووەم

## چەمکی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت

١- پێناسەی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت: نووسەر و توێژەران کۆک نین لەسەر پێناسەیەکی دەستنیشانکراو بۆ چەمکی بونیاتنانی دەوڵەت، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە پێناسە هەن بۆ چەمکەکە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەدا هەندێک لەم پێناسانە باس دەکەین بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی چەمکی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لەمانە:

(فرانسیس فوکویاما) بەم شێوەیە پێناسەی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت کردووە : پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت بە واتای بەهێزکردنی دامەزراوە هەبووەکان و بونیاتنانی دامەزراوەی نوێ کە کاریگەر و توانای مانەوە و خۆبژێوی هەیە[1].

بەڵام (تشارلز تیللی) بوچوونێکی دیکەی هەیە ودەڵێت پرۆسەی بونیاتنانی دەولەت بەواتای پرۆسەی دامەزراندنی رێکخراوە ناوەندییە سەربەخۆ و جیاوازەکان کە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیان هەیە و خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێزە کە دەتوانێت زاڵبێت بەسەر رێکخراوە نیمچە سەربەخۆکاندا[2].

بە بۆچوونی ( ریتشارد کابلان) پێناسەی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت بریتیە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کارا لە هەرێمێک یان وڵاتێک کە ئەم کیانەی نەبێت یان حکومەتەکە لاواز بێت[3].

هەر وەها لیژنەی هاوکاری گەشەپێدان کە سەر بە رێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووریە (OECD- DAC) زۆر لایەنی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتی دیارکردووە وپێی وایە کە بونیاتنانی دەولەت پرۆسەیەکی درێژ خایەت و بەردەوام و هەمەلایەنانەیە بۆ مەبەستی پتەوکردن و بەهێزکردنی تەواوی پێکهاتە ئیداریەکان و دامەزراوەکانی دەولەت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە وەزیفیەکانیان و پێشکێشکردنی خزمەتگوازی بە ئاستێکی باش کە لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی گەشەپێدان کومەلگە وبەرزکردنەوەی شەرعیەتی دەولەت ودامەزراوەکانی[4].

بۆیە بە بۆچوونی توێژەر پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت پرۆسەیەکی درێژخایەن و بەردەوامە و بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت لە قۆناغی پێکهێنانی دەوڵەت و بونیاتنانی نەتەوەوە دەست پێ دەکات و ئەویش بە بونیاتنانی دامەزراوەی نوێ و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی تر کە توانای بەردەوامبوونیان هەبێت، واتە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەت و بونیاتنانی نەتەوە دوو پرۆسەی لاوەکین کە لە چوارچێوەی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا ڕوودەدەن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەتوانرێت

---

([1]) فرانسيس فوكوياما، بناء الدولة: النظام العالمي و مشكلة الحكم والادارة في القرن الحادي والعشرين، ترجمة مجاب الامام، دار العبيكان للنشر، الرياض، 2007، ص 11.

([2]) لمزيد من التفاصيل أنظر : محمد امين بن جيلالي، بناء الدولة :المفهوم والنظرية وأسئلة الراهن، دفاتر المتوسط ، مخبر التنمية المستدامة والحكم الراشد في جنوب المتوسط بجامعة باجي مختار عنابة، الجزائر، العدد(5)، المجلد 2016، ص242؛ فرحي رشيدة ؛و مولود مسلم، تحديات بناء الدولة على ضوء ثورة 25يناير 2011، مجلة السياسة العالمية، مخبر الدراسات السياسية والدولية بجامعة امحمد بوقرة،جامعة بومرداس، الجزائر،العدد(2)،المجلد(6)،2022، ص216.

([3]) وەرگیراوە لە : احمد عدنان الميالي، بناء الدولة الحديثة في العراق بعد عام 2003: المعوقات والمقومات، مجلة حمورابي للدراسات، العدد(50)، السنة الثالثة عشرة، 2024، ص 198.

([4]) OECD DAC, State Building in Situations of Fragility: Initial Findings, Organisation for Economic Cooperation and Development, Paris, 2008.

پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە قۆناغی پێش پێکهاتنی چوارچێوەی دەوڵەتدا روودبات وەک قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی ژمارەیەک دامەزراوەیە کە حوکمڕانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی بەڕێوەدەبەن.

٢- تایبەتمەندییەکانی پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت: پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت چەندین تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێت، هەر چەندە توێژەران کۆک نین لەسەر تایبەتەندییەکانی، بەڵام بە گشتی هەندێک لەو تایبەتمەندیانە دەخەینە ڕوو وەکو[1]:

أ. پڕۆسەیەکی ناوخۆییە بۆ پتەوکردن و بەرزکردنەوەی توانای دامەزراوەکان ئەمەش پێویستی بە بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاوە کە شەرعیەتی دەوڵەت بەرز دەکاتەوە.

ب. پڕۆسەیەکی بەردەوامە چونکە پڕۆسەی بونیاتنانی دەولەت نە بەرنامەیە و نە پڕۆژەیە؛ بەڵکو پڕۆسەیەکی درێژخایەنی دانوستانە کە پێویستی بە پابەندبوون و ئیرادە هەیە.

ت. جیاوازە لە بونیاتنانی نەتەوە، لە کاتێکدا بونیاتنانی هەستێکی هاوبەشی ناسنامەی نەتەوەیی گرنگە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت ، بەڵام ئەمە تەنیا بەشێکە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەولەت.

ث. پڕۆسەیەکی دینامیکی و بەردەوامە و لە هیچ قۆناغێک ناوەستێت بە مەبەستی گەشەکردنی سیستەمی سیاسی لە ڕێگەی خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێکان.

ج. پڕۆسەیەکی ڕێژەیی یە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە بە پێی کلتور و شارستانیەتی ولاتان.

ح. پڕۆسەیەکی جیهانی یە جونکە ئەم پڕۆسەیە لە هەموو کۆمەڵگاکان و سیستەمە سیاسیەکان ڕوودەدات بە شێوازی جودا جودا

لە بەر مەبنای ئەم تایبەتمەندیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە پڕۆسەی بونیاتنانی دەولەت پرۆسەیەکی ئالۆز و درێژ خایەن و بەردەوام و هەمەلایەنانەیە بۆ مەبەستی پتەوکردن و بەهێزکردنی تەواوی پێکهاتە ئیداریەکان و دامەزراوەکانی دەولەت بۆ مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەرکە وزیفیەکانیان و پێشکێشکردنی خزمەتگوازی بە ئاستێکی باش کە لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی گەشەپێدان کومەلگە و بەرزکردنەوەی شەرعیەتی سیستەمی سیاسی ودامەزراوەکانی، سەقامگیری ، یەکگرتن... هتد .

3- ڕەهەندەکانی پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت: بونیاتنانی دەوڵەت پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە کە هەوڵدەدات ئامانجەکان لە هەموو ئاستەکاندا بەدەستبهێنێت (کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسی، ئەمنی )، بۆیە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت زۆر ڕەهەندی هەیە وەکو[2]:

أ- ڕەهەندی سیاسی.
ب- ڕەهەندی ئابووری.
ت- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی .
ث- ڕەهەندی کلتووری و رۆشنبیری .
ج- ڕەهەندی سەربازی و ئەمنی .

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەم توێژینەوەیە هەیە ڕەهەندی سەربازی وئەمنی یە بۆیە بەکورتی باس لەم ڕەهەندە دەکەین:

ڕەهەندی سەربازی و ئەمنی پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت :مەبەست لێی توانای سەربازی و ئەمنی وڵاتە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە تەواوی وڵاتە ودامەزراوەکانی بکات، دەتوانرێت لە دوو ڕووەوە تەماشای ئەم بابەتە بکرێت، لە لایەک

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بلقاسم مربعي، آليات إدارة التعددية الإثنية و دورها في بناء الدولة ( دراسة في النوذج الماليزي)، رسالة ماجستير، جامعة محمد خضير بسكرة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، 2015، ص 47؛ بعيو لعلي، إشكالية بناء الدولة الوطنية في إفريقيا في ظل التجاذبات القبلية: دراسة حالة ليبيا، أطروحة دكتورا، كلية العلوم السياسية، جامعة قسطينة3، 2023 ص31 ؛ بكای ايوب، إشكاليه بناء الدولة من خلال ثورات الربيع العربي:دراسة مقارنة بين مصر وسوريا، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية ، جامعة زيان اشور - الجفلة ، 2021،ص9؛ OECD DAC,Op.Cit.

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بعيو لعلي، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠ ؛ احمد عدنان الميالى، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٩٩- ٢٠٨.

وڵات تاوەکو بتوانێت توانای سەربازی و ئەمنی بەرز بکات پێویستە بە خەرجیەکی زۆر هەیە، ئەمەش ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەکردنی دامەزراوە و بوارەکانی تر بکات وەکو دروستکرنی ژێرخانی ئابووری و کەرتی کشتوکال و پیشەسازی ... هتد، بە تایبەتی ئەگەر وڵاتێکی هەژار بێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە گەشەکرن وبەهێزکردنی توانای سەربازی دەبێتە هۆکارێک بۆ پاراستنی وڵات و سەقامگیریەکەی، ئەمەش هاروکارە بۆ گەشەکردنی بوارەکانی تر کە لەژێر کەشێکی سەقامگیردا چالاکیەکانیان ئەنجامدەدەن بۆ نموونە کەرتی ئابووری پێویستی بە سەقامگیری هەیە تاوەکو گەشە بکات، لە لایەکی ترەوە دامەزراوەی سەربازی بە توانا لە زۆرێک لە ولاتان چالاکی و پرۆژەی ئابووری ئەنجامدەدات کە ڕێژەی بێ کاری کەم دەکاتەوە[1].

لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆچوونی توێژە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت پرۆسەیەکی گشتگیر وفرەلایەنە، بۆیە گەشەکردنی ڕەهەندێک پەیوەستە بە ڕەهەندەکانی ترەوە، ناتوانرێت تەنها کار لەسەر ڕەهەندێک لە رەهەندانە بکرێت بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕەهەندەکانی تر دروست نەکات، بۆیە کارکردن لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە وەکو ڕەهەندی سەربازی وئەمنی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر ڕەهەندەکانی تری پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات .

لە کۆتاییدا پێمان وایە کە یەکێک لە تایبەتدیەکانی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت ئەوەیە کە پرۆسەیەکی بەردەوامە دەتوانرێت لە قۆناغەکانی پێش بوونی دەوڵەت دەست پێ بکات ئەگەر لە شوێنێک یان کیانیکی سیاسی دەسەڵات و دامەزراوەکانی حوکمڕانی هەبێت، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی سیاسی و دامەزراوەکانی حوکمڕانی تایبەت بە خۆی هەیە کە وەکو کیانێکی دیفاکتۆ کاری کردووە .

## باسی دووەم

## ئاڵنگاریە سیاسی و ئەمنی و دامەزراوەییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای سالی ٢٠٠٣

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بەدواداچوون و شیکردنەوە بۆ ئالنگارییە ناوخۆییەکان بکەین کە ڕووبەڕووی هێزەکانی پێشمەرگە دەبن لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و دامەزراوەییدا لە چوارچێوەی ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەولەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای سالی ٢٠٠٣، ئەم باسە دابەشکراوە بۆ سەر دوو داواکاری: داواکاری یەکەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆلینەوە و بەدواداچوونی ئاڵنگاریە سیاسی و ئەمنیەکان ، داواکاری دووەم شیکردنەوە بۆ ئاڵنگاریە دامەزراوەییەکان دەکەین.

### داواکاری یەکەم

### ئاڵنگاریە سیاسی و ئەمنییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣

هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی خاون حکومەت و دەسەلات و سیستمی سیاسی، پێویستی بە هەبوونی سوپایەکی ڕێکخراو و پیشەیی یەکگرتوو هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێبکات بەشێوەیەک کە کاریگەری ئەرێنی لە سەر توانا و کارایی تەواوی دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا بکات.

لە ڕاستیدا هێزەکانی پێشمەرگە بەپێی ماددەی (١/٢)ی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) پەرلەمانی کوردستان [2] و دەستووری هەمیشەیی عێراق لە سالی ٢٠٠٥ لە ماددەی (١٢١/ خامسا) هێزێکی دانپێدانراوە [1].

(1) احمد عدنان المیالی، هەمان سەرچاوە ، ص ٢٠٦- ٢٠٨.

(2) بڕوانە: یاسای (٥) لە ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ؛ ماددەی(١) بڕگەی (٢) لە یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان؛ یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پەڕلەمانی کوردستان .

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەروەها ئەم هێزانە خاوەن ڕابردوو و مێژوویەکی پڕن لە سەروەری و تەجروبە کە تایبەتمەندییەکانی سوپای تێدایە و گۆڕینی بۆ سوپایەکی یەکگرتووی فەرمی و نیزامی زۆر سەخت نیە ، چونکە بە پێی ئەزموونی گەلان و نەتەوەکانی جیهان گۆڕینی هێزە چەکدارەکان بۆ سوپایەکی نیزامی بەئاسانی دەکرێت ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز و توانای دارایی هەبێت، هەندێک لەو سوپایانە تونایان زۆر لە توانای هێزەکانی پێشمەرگە کەمتر بووە بۆ نموونە سوپای هەریەک لە وڵاتانی بۆسنا و هێرسک و کرواتیا لە گرووپەکانی نێو شەڕی سەربەخۆیی پێک هات، هەر وەها دروستبوونی سوپای لوبنان دوای شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی سەرەڕای ئەو دابەشبوونە تایفی و ئایینی و سیاسیەی کە لە کۆمەڵگای لوبنان دا هەیە، دیسان سوپای ئیسرائیل کە ١٢ ڕۆژ لەداوی ڕاگەیاندنی دەولەتی ئیسرائیل لە هەژمارێک گرووپی چەکداری جوولەکە دروستکرا و ئەمڕۆ بە یەکێک لە بەهێزترین سوپاکانی ناوچەکە دادەنرێت[2].

بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە مەرج نییە بەو ئەنجامە بگات بەهۆی ئەو ئاڵنگارییە سەختانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە وەکو وەفاداری و دڵسۆزی سیاسی و حیزبی کە هێشتان لە جیاتی توانا و لێهاتوویی ڕۆڵی هەیە لە پلە بەرزکردنەوەی سەربازیدا [3] .

بە وتەی هەندێک لە توێژەران هێزەکانی پێشمەرگە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە هێشتا نەیتوانیوە لەژێر کونترۆلی پارتە سیاسیەکان رزگار بێت، و بەسیاسی کراون و هێزە سیاسیەکان بەکاری دەهێنن لە ململانێ سیاسیەکانی نێوان خۆیان [4]مانەوەی هێزە چەکدارەکان بە گشتی و هێزەکانی پێشمەرگە بە تایبەتی لەژێر کۆنترۆل و فەرمانی پارتە سیاسیەکان یەکێکە لە ئاڵنگارییە گەورەکان [5]، ئەم تێڕوانینە تیۆریە لەگەڵ بۆچوونەکانی بەشێک لەو بەرپرسە سیاسی وفەرماندە سەربازییانە یەکدەگرێتەوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵد کراوە ، بۆ نموونە ( شێخ جعفر شێخ مستەفا) جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت"بێ گۆمان مادام حیزب هێزی هەبێت هەموو کاتێک ئامادەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی و دەسەڵاتەکەی بەکاربێنێت، لە ئێستادا حزب هێزی بۆ چییە ؟ تەنها بۆ ئەوەیە کە دەسەڵات و دەستکەوتی خۆی پێ بپارێزێت، ئەو حیزبانەی کە هێزیان هەیە هەر کاتێک دەستکەوتەکانی بکەوێتە ژێر هەڕەشەوە هێزەکەی دەهێنێتە ساحەکەوە، بەڵام ئەمڕۆ میللەتی ئێمە بە هیچ جۆرێک  پێویستی بە هێزی حیزبی نەماوە، بەڵکو پێویستی بە هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە هەیە کە دوور بێت لە دەستوەردانی حیزبایەتی و وەکو سوپایەکی نیشتیمانی کە سیمای حیزبایەتی پێوە نەبێت، بەڵام دروستبوونی ئەم سوپایە پێویستی بە توند و تۆڵکردنی متمانە هەیە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە، هەر وەها لەنێوان لایەنە سیاسیەکان [6].

هەروەها (لیوا روکن عومەر سالح ) فەرماندەی یەکەی هەفتای هێزەکانی پێشمەرگە هاوڕایە لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەدا کاتێک لە وەڵامی پرسیارێکدا دووپاتی دەکاتەوە کە "ناوی پێشمەرگە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و هیچ ناسنامەیەکی دیکەی هەڵنەگرتووە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستاش لایەنە چەکدارەکان ئەجێندای حزبەکانیان جێبەجێ دەکەن"[7]، واتە پشتگیری لە ئارگیومێنتەکانی توێژەران دەکات سەبارەت بە بەردەوامی باڵادەستی هێزەکان لەلایەن لایەنەکانەوە.

---

() [1]بڕوانە: ماددەی(١٢١ / خامسا) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥.

([2]) مازن عەواد و ئەوانی تر، سوپا ودەوڵەت، چاپی یەکەم، ناوەندی لێکۆلینەوەی ڕووداو، هەولێر ، ٢٠١٧، ل ٨-١٣.

([3]) زریان رۆژهەڵاتی، کاریگەری پێشمەرگە لەسەر بڕەندەسازی نەتەوەیی کوردستان، لە: مازن عەواد وئەوانی تر، سوپا و دەوڵەت، چاپی یەکەم، ناوەندی لێکۆلینەوەی ڕووداو، هەولێر ، ٢٠١٧ ، ل٦٠.

([4]) جتو صالح سعيد، دور القوات البيشمركة في حرب مكافحة الارهاب في العراق (2003-2014)، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، 2010، ص10.

([5]) سميع صابر صديق، کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستان –عێراق لە دوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، ٢٠٢٣ ، ل٨٥.

([6]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شێخ جعفر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٥/٧/١٤، هەولێر.

([7]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح فەرماندەی یەکەی هەفتای هێزەکانی پێشمەرگە، ٢٠٢٥/٨/٦، سلێمانی .

فەریق( عەزیز وەیسی)فەرماندەی هێزی زێرەڤانی هاوڕایە و پێی وایە" بەشێ هەرە زۆری هێزەکانی پێشمەرگە یان پارتیە یانیش یەکێتیە، تاوەکو ئێستا لە هەریمی کوردستان هێزەکانی پێشمەرگە سەر بە ئەوانن، بۆیە هەر کاتێک ملمڵانێ لە نێوانیان ڕوودات ئەم ململانێیە ڕەنگدەداتەوە لەناو هێزەکانی پێشمەرگە و ڕەنگە پێکدادان دروست ببێت"[1].

هەرچەندە هێزەکانی پێشمەرگە پارێزەری شەرعی ئاسایشی کۆمەڵگایە لە هەرێم و جێگای متمانەی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانە، بەڵام تێوەگلانی ئەو هێزانە لە شەڕ و ململانێکان لە ژێر کاریگەریی لایەنە سیاسییەکاندا، کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێم، هەندێک لە توێژنەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەم هێزانە لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و بیرەوەری حیزبییەکان بەکار دەهێنرێن، سەرەڕای بوونی هەوڵی بەردەوام لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانان، بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بخرێنە ژێر دەستی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام هێشتا ئاڵنگاری لەبەردەم یەکگرتن و یەکخستنیان ماوە [2].

جیاوازی هەیە لە نێوان تێڕوانینە تیۆری و ئەکادیمییەکان و بۆچوونی بەرپرسانی سیاسی و فەرماندە سەربازیەکان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕێژە و کاریگەری بە سیاسیکردنی بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە، لە کاتێکدا ئەدەبیاتی ئەکادیمی کاریگەری نەرێنی بەسیاسیکردن پشتڕاست دەکاتەوە، (د.ڕێواس فایق) سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نشتیمانی کوردستان ڕوانگەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات و دەڵێت" دەتوانین بڵێین سەرەڕای بەسیاسیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و بەکارهێنانیان لە لایەن پارتە سیاسیەکانیان بە جۆرێک کە ئەوان خاوەن بڕیاری ڕاستەقینە بن لە سەریان، بەڵام لەسەر ئاستی پڕۆسەی نیشتیمانیش پارتە سیاسیەکان هێزەکانی پێشمەرگە ئاڕاستە دەکەن بۆ ئەوەی بەرگری لە خاک و نشتیمان و میللەتی کوردستان بکەن و ئەرکە نیشتیمانییەکانیان بە جێبگەیەنێن" [3].

ئەم بۆچوونە لەلایەن (لیوا روکن بەختیار محەمەد) ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە پشتگیری دەکرێت کە ڕایگەیاندووە "سەرەڕای ئەوەی کە واقعێک هەیە ئەویش هێزەکانی پێشمەرگە سەر بە دوو پارتی سیاسین لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر چی ئەمانە هێزی حیزبین بەڵام ئەرکە نیشتیمانییەکان پێش ئەرکە حیزبیەکانیان خشتووە" [4].

هەر وەها فەریقی یەکەم (بابەکر زێباری) ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونە و پێی وایە "هێزەکانی پێشمەرگە سەرەڕای ئەرکی حیزبی ئەرکە نیشتیمانیەکانیان بە ڕێک و پێکی جێبەجێدەکەن" [5].

بە هەمان شێوە (محەمەد حاجی مەحموود) سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان ووتی"ئەگەر چی هێزەکانی پێشمەرگە تا ئێستا سەر بە پارتە سیاسیەکانن، بەڵام ئێمە بینیمان کە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە شەری دژی داعش بە یەکەوە بەرگریان دەکرد"[6].

لیوا روکن (عومەر سالح) پێی وایە کە"سەرەڕای بەسیاسیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئەوەی جێگای شانازییە لە کاتی هەبوونی هەڕەشە و مەترسی بیروباوەڕی پۆڵایینی هێزەکانی پێشمەرگە هەموو بۆشایی کەم و کورییەکانی پڕکردۆتەوە" [1].

---

([1]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی فەرماندی هێزەکانی زێرەڤانی،٢٠٢٥/٩/١، هەولێر.

([2]) رێناس بكر علي، هێزە نافەرمیەکان وکاریگەریەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەلگای عێراقی دوای ساڵی (٢٠٠٣)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ،٢٠٢٢، ل١٢٤-١٢٥

([3]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ د. ڕێواس فایق سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،٢٠٢٥/٧/٢٢ لە هەولێر.

([4])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوار روکن بەختیار محەمەد ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە،٢٠٢٥/٧/٢١، هەولێر.

([5])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریقی یەکەم بابەکر زێباری ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٥/٧/٧، دهۆک.

([6])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ محەمەد حاجی مەحموود سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٥/٨/١٥، گۆڵەخانە.

له لای خۆیەوە فەریق( عەزیز وەیسی)جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوە ودەڵێت" سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگە بەکاردەهێنرێن لەلایەن پارتە سیاسیەکانیان، ئەمان لەکاتی هەبوونی هەڕەشە و مەترسی هەموومان بەیەکەوە بەرگری دەکەین و وەکو یەک سوپا کار دەکەین" [2]. ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاوازی لە ڕوانگە و تێڕوانینە تیۆریەکان لەگەڵ واقیعدا سەبارەت بە توانای هێزەکانی پێشمەرگە بۆ تێکەڵکردنی دڵسۆزی حیزبی لەگەڵ ئەدای نیشتمانی.

لە لایەکی ترەوە هێزەکانی پێشمەرگە بە ڕۆڵی سوپای فەرمی کوردستان هەڵساوە بێ ئەوەی بە قۆناغەکانی گۆران لە سوپایەکی نە نیزامی بۆ سوپایەکی نیزامی تێپەڕ ببێت، پەیوەندی نێوان حیزب و پێشمەرگەکانی زۆر پتەو بوو تا گەیشتە ئەو ڕاددەیەی کەوا حیزب وا هزر بکات کە بەبێ بوونی هێزەکانی پێشمەرگەی تایبەت بەخۆی ناتوانێت بەردەوام بێت [3].

ئەم دیدگایە تیۆرییە لەگەڵ تێڕوانینی هەندێک لە سەرکردە سیاسی و فەرماندە سەربازیەکان یەکدەگرێتەوە، بۆ نموونە فەریقی یەکەم (بابەکر زێباری) لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت" هێزەکانی پێشمەرگە دامەزراوەیەکی تێکەڵە هەم حکومیە و هەمیش حیزبیە، ئەرک و وەزیفەی سەربازی هەیە بۆ پاراستنی دامەزراوەکانی حکومەت"[4].

هەر وەها ( فازڵ میرانی) بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان "هێزی پێشمەرگەی بە (دامەزراوەیەکی تێکەڵاو، هەم حکومی و هەم حزبی وەسف کرد)، چونکە هەتاکو ئەوانەی سەر وەزارەتی پێشمەرگەن تا ئێستا کاریگەری حیزبی لەسەریان ماوە، بۆ نموونە فەماندەی فیرقە مەرجەعەکەی سەرۆکی حزبەکەیەتی، واتە فەرمانەکانی حکومەت جێبەجێ دەکات، بەڵام بڕیاری کۆتایی لە حیزبەکانیان وەردەگرن " [5].

بە هەمان شێوە فەریق( عەزیز وەیسی) هاوڕایە لەگەڵ تێڕوانینی سەردار عەزیز سەبارەت بە تێپەڕنەبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بە قۆناغەکانی گۆڕان بۆ سوپایەکی نیزامی کاتێک دەڵێت" تا ئێستا ئاستی پێشکەوتنی سەربازی قۆناغ بە قۆناغ لە هەرێمی کوردستان جێگیر نەبووە، ئێمە هێشتان بە قۆناغی شۆڕشگێریدا دەرباز دەبین" [6].

ئەم لێدوانانە بە کردەوە ئارگومێنتەکەی سەردار عەزیز سەبارەت بە ناتەواوی گۆڕانی دامەزراوەیی پشتڕاست دەکاتەوە و واقیعی دووانەیی لە سەرکردایەتی و دەسەڵات و مەرجەعی هێزەکانی پێشمەرگە ئاشکرا دەکات.

بە تێڕوانینی توێژەر هێزەکانی پێشمەرگە سەرەڕای جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتیمانییەکی و بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەستکەوت و دامەزراوەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هێزانە هێشتان لەژێر کۆنترۆڵ کاریگەری پارتە سیاسیەکانیان دان، واتە پارتە سیاسیەکان دەتوانن بەکاریان بێنن لە ململانێکانی نێوان خۆیان بۆ پاراستنی دەسەڵات و سەنگ و دەسکەوتی خۆیان، زۆرینەی ئەو سەرکردەی سیاسی و فەرماندە سەبازیانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە چ بە ڕاشکاوانە یانیش بە ناڕاستەوخۆ دانیان بەم بابەتە ناوە،بەواتایەکی تر مەرجەعی هێزەکانی پێشمەرگە سەرکردەی پارتە سیاسیەکانیان بووە نەک وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە ئەوان دەتوانن جوولە هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیان بکەن لە کاتی بوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانیان، واتە هێزەکانی پێشمەرگە بە کرداری هێزێکی تێکهەڵە هەم حکومیە بۆ نموونە دابینکردنی مووچە و پێداویستی وپلە بەرزکردنەوە لە ڕێگای حکومەتەوە بۆیان دەکرێت ، هەمیش حزبیە چونکە بە پلەی یەک کار بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانیان دەکەن، بۆیە پێمان وایە بوونی ئەم حاڵەتە گەورەترین ئاڵنگارییە لە بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان .

---

([1])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح، سەچاوەی پێشوو .

([2]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی، سەچاوەی پێشوو .

([3]) سردار عزیز، الجیش والسیاسة فی اقلیم کردستان العراق، فی : مجموعة مؤلفین، الجيش والسياسة في مرحلة التحول الديمقراطي في الوطن العربي، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، قطر، 2016، ص34-35.

([4]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، سەچاوەی پێشوو .

([5]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٥/٧/٢٧، هەولێر- سەلاحەدین.

([6]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی ، سەچاوەی پێشوو .

## داواکاری دووەم

## ئاڵنگاریە دامەزراوەییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣

بە تێڕوانینی قوتابخانەی گەشەپێدانی سیاسی، چاکسازی و دووبارە ڕێکخستنەوەی دامەزراوە سەربازیەکان لە زۆرێک لە دەوڵەتە تازەپێگەیشووان ڕۆڵێکی ئەرێنیان بینیوە لە گەشەپێدانی سیاسی، بۆ نموونە لە هەندێک وڵات نوخبەی سەربازی ئەرکی بەدیهێنانی خواستی جەماوەری گرتۆتە ئەستۆ، وەکو ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بووە هۆی بونیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز، بەڵام هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە بووە هۆی دروستبوونی ڕژێمێکی سوپاسالاری، بۆیە بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵێکی ئەرێنی لە دروستبوونی گەشەپێدانی سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و بەهێزبوونی تەواوی دامەزراوەکانی کە ئەمانە لە کۆلەکە سەرەکیەکانی پرۆسەی بونیاتنانی دەولەتن لە هەرێمی کوردستان[1].

فلادیمیر ڤان فیلغنبورغ Wladimir Van Wilgenburg و ماریو فومیرتون Mario Fumerton پێیان وایە دووبەرەکی حیزبی یەکێکە لە ئاڵنگاریە هەر گەورەکان لەبەردەم بەدامەزراوەیکرنی هێزەکانی پێشمەرگەیە، چونکە دەمارگیری حیزبی ئاستەنگ بووە لە بەردەم دروستبوونی پەیوەندی مەدەنی- سەربازی بەشێوەیەکی تەندروست و پەیڕەوکردنی سیستمی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان[2].

ئەم دیدگایە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی هەر یەک لە (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) کاتێک دووپاتی دەکاتەوە کە " ئەمڕۆ میللەتی ئێمە بە هیچ جۆرێک  پێویستی بە هێزی حیزبی نەماوە ، بەڵکو پێویستی بە سوپایەکی نیشتیمانی یەکگرتوو هەیە کە سیمای حیزبایەتی پێوە نەبێت" [3] ، هەر وەها لیوا روکن (عومەر سالح) لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕایە کاتێک ئاماژە بەوە دەکات کە "ناوی پێشمەرگە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و هیچ ناسنامەیەکی دیکەی هەڵناگرێت"، ئەمەش گوزارشتە لە بوونی هۆشیارییەکی ڕوون لە پێویستی تێپەڕاندنی پەیوەندیی و ئینتیمای حیزبی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە [4].

بە بۆچوونی (سامان شاڵی) پرۆسەی یەکگرتن و بەدامەزراوەییکرنی هێزەکانی پێشمەرگە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پڕە لە ئالنگاریی بۆیە دەبێت لایەنەکان بە سەبر و دیبلۆماسیەتەوە ڕەفتار لەگەڵ بابەتەکە بکەن و ئامانجی هەموویان دروستبوونی هێزێکی یەکگرتوو و پیشەیی بێت کەوا بتوانێت بەشێوەیەکی کارا بەشدار بێت پاراستن و سەقامگیری هەرێمی کوردستان [5].

هەندێک لە توێژەران گرنگترین ئەو ئاڵنگاریە ناوخۆییانەی کە ڕێگرن لە بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە دەستنیشانکردووە کە بریتین لە : دەمارگیری حیزبی، ئەنجامدانی کاری حیزی لەناو ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە، مەرجەعی وەرگرتنی بڕیاری سەربازی کە حیزبەکانن نەک دامەزراوەی سەربازی کە وەزارەتی پێشمەرگەیە، لاوازی ڕۆڵی چاودێری و

---

[1] د.ئومێد رفیق فتاح ؛ و د. عابد خالد رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

[2] فلادیمیر ڤان فیلغنبورغ ؛ وماريو فومرتون، تحدي توحيد قوات البيشمركة، مركز كارنيجي للشرق الاوسط ، 2015، ص1، متاح على الرابط الالكتروني التالي:
https://carnegieproductionassets.s3.amazonaws.com/static/files/ACMR_Wilgenburg_Fumerton_Peshmerga_v4_AR.pdf تاريخ الزياره ٢٣/٧/ ٢٠٢٥

[3] چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شێخ جعفر شێخ مستەفا، سەچاوەی پێشوو .

[4] چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح، سەچاوەی پێشوو .

[5] د.سامان شاڵی، توحيد قوات البيشمركة وقوات الامن : ماذا يجب على حكومة اقليم كردستان ان تفعل؟، مؤسسة المتوسطي للدراسات الاقليمية ، بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە ، بەرواری بڵاوبوونەوە ٢٠٢٤/٢/١٥ ، https://www.mirs.co/AR/all-detail.aspx?jimare=62 ، بەرواری سەرەدان ٢٠٢٤/١٢/٢٧.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بەدواداچوونی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، هەر وەها بەردەوامبوونی قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی بەمانا شۆڕشگێڕیەکەی و پێنەگەیاندنی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بیروباوەڕی نیشتیمانی هاوتەریب لەگەل ئەو هەڕەشانەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەن[1].

ئەم دەستنیشانکردنە ئەکادیمییانە پشتڕاست کراونەتەوە لە لایەن بەشێک لەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە بۆ نموونە(فازڵ میرانی)واقیعی ئەم ئاڵنگاریانە پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک باس لەوە دەکات کە "هێزەکانی پێشمەرگە هێشتان بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا نین بەڵکو هێشتا کاریگەری حیزبی لەسەریان ماوە، بۆ نموونە فەماندەی فیرقە مەرجەعەکەی سەرۆکی حزبەکەیەتی، بە بێ گەڕانەوە بۆ مەرجەعەکەی فەرماندەیەکی پێشمەرگە ناتوانێت فەرمانی بەرپرسێکی حکومەت جێبەجێبکات"[2] هەر وەها (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) ئاماژە بەوە دەکات کە " هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسیەکان ناچارن فەرمانی حیزبەکانیان جێبەجێ بکەن، هەر کاتێک ئەو حیزبانەی کە هێزیان هەیە دەستکەوتەکانی بکەوێتە ژێر هەڕەشەوە هێزەکەی دەهێنێتە ساحەکەوە"[3]، ئەمەش بەڵگەی ئەزموونی( تجریبی) بۆ ڕەوایەتی شیکاری تیۆری سەبارەت بە ئاڵنگاری بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە دەخاتە ڕوو.

لە بواری سیاسەتدا بەدامەزراوەییکردن بریتیە لە کرداری پێکهێنانی هەژمارێک دامەزراوەی کارا و بەتوانا کە بتوانن ئەرکی خۆیان بەئەنجام بگەیێنن بۆ ئەوەی بێتە هۆی پێدانی ئاستێک لە ڕەوایەتی و مانەوە و بەردەوامبوونیان، ئەم کردارەش بە بڕوای هەندێک لە زانایان کرۆکی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتە، هەر بۆیە زۆرێک لە زانایانی بواری سیاسەت وەکو (ماکس ویبەر Max Weber، صموئیل هنتیکتۆن Samuel Huntington، جیوڤانی سارتۆریGiovanni Sartori) گرنگییان بە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن داوە وەک بنەمایەک بۆ حوکمڕانی و دەوڵەتداری[4].

بۆیە بە بۆچوونی توێژەر بەبێ هەبوونی دامەزراوەیەکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان کە هەموو پێوەرەکانی تیوری دامەزراوەیی لە خۆبگرێت وەکو( خۆگۆنجاندن adaptability، ئاڵۆزی لە ڕووی پێکهاتەیی complexity، یەکگرتوویی cohesion، سەربەخۆیی autonomy [*])و تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر چەتری یەک بگرنەوە و توانای رێکخستنی توندوتیژی و خۆ سەپاندنی هەبێت بەسەر هەموو هێزە چەکدارەکانی ناو کۆمەلگا، ئەوا هێزەکانی پێشمەرگە ناتوانن ڕۆلێکی ئەرێنی لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا بگێرێت.

ئەوەی (صموئیل هنتکتون Samuel Huntington) لە کتێبەیدا بەناونیشانی (النظام السياسي لمجتمعات متغيرة) خستووەتەڕوو، لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، دەڵێت لە هەر کۆمەڵگایەک کە هەژمارێک گرووپ و هێز ودەستەی جیاواز هەبن، هەر یەک لەو گرووپانە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵات و سامانی کۆمەڵگاکە بگرێت و بۆ خۆی قۆرخ بکات، بۆیە بەردەوام ئەم هێز و گرووپانە لە ململانێ پێکدادان دان ، هەر بۆیەش پێی وایە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لەم دۆخە نائارامە ڕزگاری بێت پێویستە دامەزراوەی سیاسی بەهێز و گشتی بونیات بنرێت کە توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا

(1) د.ئومێد رفیق فتاح ؛و د. عابد خالد رسول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل167-169.

(2) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فازڵ میرانی،سەچاوەی پێشوو .

(3) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شێخ جعفر شێخ مستەفا، سەچاوەی پێشوو .

(4) د. ئومێد رفیق فتاح ؛و د. عابد خالد رسول، هەمان سەرچاوە ، ل150.

(*) خۆ گونجاندن: واتە توانایی رێکخستنی دامەزراوە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ هەموو بارودۆخ وئاڵنگایەکان، ئالۆزی پێکهاتەیی: واتە هەبوونی لقی جۆراجۆر وەکو پیادە،توپخانە، ئەندازیاری سەربازی و تایبەتمەندی جۆراوجۆر بۆ نموونە زانیاری و لۆجستی و پەیوەندی وپەیڕەوکردنی پلەبەندی سەرازی، یەکگرتوویی: واتە ڕادەی رێککەوتن و یەکڕیزی و ڕەزامەندی لە نێوان ئەندامان و فەرمانبەرانی دامەزراوەکەدا، واتە ئەندامانی تا چەند ئینیمایان بۆ دامەزراوەکە هەیە، سەربەخۆیی: واتە ڕادەی توانای دامەزراوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی و دەرکردنی بڕیارەکان و هەبوونی بودجەیەکی تایبەت بە دامەزراوە و دامەزراندن و لێبۆرینی ئەندامەکانی بە ئازادانە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خالد حميد عيسى، مجالات الاصلاح السياسي في العراق، مجلة السياسة الدولية، جامعة المستنصرية، كلية العلوم السياسية، العدد(59)، 2024،ص 460-461.

هەبێت بەشێوەیەک کە هیچ هێزێک نەتوانێت دەسەڵات بەڕێوەببات بێی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و ڕێزگرتن لە داواکاریەکانی[1].

واتە نەهێشتنی بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن گرووپە وپارتە سیاسیەکان ، وکۆنترۆڵی کردنی لە لایەن دەوڵەت زۆر گرنگە بۆ هەموو وڵاتێک، بۆ دۆخی هەرێمی کوردستانیش گرنگە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆلی توندوتیژی بکات، چونکە بەپێی تێڕوانینی (ماکس وێبەر/ Max Weber) دەوڵەت بریتیە لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی کە دەسەڵات بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە توانا و شەرعیەتی بەکارهێنانی هێزی هەبێت لە سنوورێکی دیاریکراودا و رێگا نەدات بە گرووپ و کەسانی تر توندوتیژی بەکاربێنن تەنها لەو سنوورە نەبێت کەوا دەوڵەت رێگایان پێدەدات[2]، واتە بۆ هەرێمی کوردستان، تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت مافی بەکارهێنانی هێزی هەبێت بە پێی یاسایەکی ڕوون و ئاشکرا و بەشێوەیەکی شەرعی [3].

هەندێک لە توێژەرانی پێیان وایە کە سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای مەحسوبیەی دووانەیی حیزبی(محسوبية الثنائية الحزبية) بونیاتنراوە کە ڕێگرە لە هەر هەوڵەکی بەدامەزراوەییکردنی ڕاستەقینەی کارگێڕی و ئەمنی، چونکە هەموو پلە و پۆستە باڵاکان لە گشت سێکتەرەکان بە تایبەتی لە سێکتەری ئەمنی و سەربازی لە ڕێگەی کەناڵە حیزبیەکان وەردەگیرێن، دامەزراندنیش هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە دەبێت بە تایبەتی پلەدارەکان، بۆیە پارتە سیاسیەکان کاریگەریەکی بەهێزیان لەسەر پێشمەرگەکانیان هەیە[4].

ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان دەریخستووە کە بەشێک لە بەرپرسانی سیاسی و فەرماندە سەربازییەکان ئەم بۆچوونیان پێ پەسەند بووە بۆ نموونە (د.ڕیواس فایق) ووتی" هێشتا پارتی و یەکێتی دەتوانن ئاڕاستەی هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیان بکەن بۆ جۆرێک کە خۆیان خاوەنی بڕیاری ڕاستەقینەن لە سەریان" [5] ، هەر وەها ( شێخ جعفر شیخ مستەفا) دەڵێت " بێ گۆمان مادام حیزب هێزی هەبێت هەموو کاتێک ئامادەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی و دەسەڵاتەکەی بەکاربێنێت، هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسیەکان ناچارن فەرمانی حیزبەکانیان جێبەجێ بکەن" [6].

لیوار روکن (عومەر سالح) هاوڕایە لەگەڵیان و ووتی" بەداخەوە هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسیەکان ئەجێندای حیزبەکانیان جێبەجێ دەکەن" [7]، (فازڵ میرانی) نەی شاردەوە کەوا "مەرجەعی فەرماندەی فیرقەیەک سەرۆکی حیزبەکەیەتی و بڕیاری کۆتایی لە ئەو وەردەگرێت"[8]، (محەمەد حاجی مەحموود) دووپاتی کردەوە کەوا لە بنەڕەتدا هێزەکانی پێشمەرگە هێزی حیزبین و ئەجێندای حیزبە سیاسیەکانیان جێبەجێدەکەن و بەکادەهێنێن بۆ پاراستنی دەسکەوتی حیزبی [9].

بەڵام فەریق (عەزیز وەیسی) بۆچوونێکی جیاوازی هەیە ودەڵێت" وەکو هێزی زێرەڤانی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کار دەکەین و پابەندی فەرمانەکانی وەزیری ناوخۆ دەبین بە بێ ئەوەی ڕەچاوی لایەنی سیاسی و حیزبی ئەو بکەین، ڕاستە وەکو فەرماندەی هێزی زێرەڤانی ئەم پۆستە لەڕێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرمگرتووە، بەڵام لە ڕووی کارکردن ئێمە

([1]) صموئيل هنتكتون، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ترجمة: سمية فلو عبود، الطبعة الاولى، دار الساقي للنشر، بيروت، لبنان، 1993، ص 17-19.

([2]) ماكس فيبەر، العلم والسياسه بوصفها حرفة، ترجمه: جورج كتوره، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، 2011،ص.263.

([3]) سميع صابر صديق، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

([4]) Zamkan Ali Saleem and Mac Skelton, Assessing Iraqi Kurdistans Stability How Patronage Shapes Conflict, Lse Middle East Centre, Paper Series (38) July 2020, p.6.

([5]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ د. ڕێواس فایق، سەچاوەی پێشوو .

([6]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شێخ جعفر شێخ مستەفا، سەچاوەی پێشوو .

([7]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح، سەچاوەی پێشوو .

([8]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فازڵ میرانی، سەچاوەی پێشوو .

([9]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ محەمەد حاجی مەحموود ، سەچاوەی پێشوو.

وەکو فەرماندەیەکی سەربازی سەر بە حکومەت کاردەکەین، بۆ نموونە ئێمە کاتێک لە ئەرکی بەرگریدابووین لەگەڵ وەزیری پیشمەرگە کارمان کردووە کە هەندێک جار یەکێتی نیشتیمانی یانیش گۆڕان بووە، بۆ ئێمە هیچ جیاوازیەک نیە چونکە ئێمە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە دەکەین نەک کەسێکی سیاسی" [1].

بەڵام حیزبەکان نەیانتوانیوە دامودەزگای حکومی ناحیزبی بونیاد بنێن کە دیارترینیان لە کەرتی ئەمنیدا دیارە ، هێزەکانی پێشمەرگە نەبووەتە سوپایەکی کوردی لە ژێر سەرکردایەتیەکی پیشەیی دوور لە حیزب، چونکە کادیرانی حیزب بەردەوامن لە کۆنترۆڵکردنی پۆستە سەرەکییەکانی بڕیاردان سەبارەت بە دەستنیشانکردن و دانان و دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە و جوولەی هێزەکانی پێشمەرگە [2]، ئەمەش بووەتە ئاڵنگاری لە بەدەرەم ڕۆڵ و کاریگەری ئەرێنی هێزەکانی پێشمەرگە لە بونیاتنانی دامەزراوەکانی تری دەوڵەتداری لە هەرێمی کوردستان.

بە بۆچوونی توێژەر سەرەڕای ئەوەی کە زۆر جار هەڵ دراوە بۆ بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە ، بۆ نموونە هەر سەرەتای دامەزرادنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ درا بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسیەکان و دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم هەوڵانە سەریان نەگرتووە بەهۆی بوونی ئاڵنگارییەکی زۆر و گەورە لەبەردەم پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە ودامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتووی پیشەیی نیشتیمانی سەر بە حکومەت کە دوور بێت لە دەستوەردانی حیزبی، لە ڕاستیدا ئاڵنگارییەکان زۆرن بەڵام ئاڵنگاری هەرە گەورە ئەوەیە تا ئێستا پارتە سیاسیەکان نەگەیشتوونەتە باوەریەکی پتەو بە یەکتر، بۆیە ئامادەنین دەستبەرادری هێزەکانی سەر بەخۆیان بن، هەر وەها بوونی دەمارگیری حیزبی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە، ترسی پارتە سیاسیەکان بۆ لەدەستدانی امتیازات ودەسکەوتەکانیان لەکاتی دەستبەرداربوونیان لە هێزەکانی سەربەخۆیان ، زۆرینەی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە لەگەڵ ئەوەی کە بە پێویستیان زانی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێنە هێزێکی دامەزراوەیی پرۆفێشناڵ، بەڵام ئینکاریان نەکردووە کە سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە قۆناغی باشی بڕیوە، بەڵام هێشتان ئاڵنگاری هەیە لە بەردەم بەردامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، وتەنانەت هەندێکیان لەو باوەڕەدا نیە کە پرۆسەکە بە تەواوەتی سەر بگرێت وسوپایەکی کوردستانی پرۆڤیشنال دروست ببێت، بۆیە پێمان دروست نەبوونی ئەم جۆرە سوپایە ئاڵنگاریەکی گەورەیە لە بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان.

## باسی سێیەم

## ئاڵنگاریە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣

کاریگەری ئاڵنگارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2003وە کەمتر نییە لە کاریگەری ئاڵنگارییە سیاسی ئەمنیەکان، بەردەوامبوونی ئەم ئاڵنگارییانە و مانەوەیان بەبێ چارەسەری ڕیشەیی کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لەم پرۆسەیە گرنگەدا، بۆیە ئەم باسەمان تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەم جۆرە ئاڵنگاریانە، بۆ ئەم مەبەستەش باسەکەمان دابەشکردووە بۆ سەر دوو داواکاری، لە داواکاری یەکەمدا بەدواداچوون بۆ ئاڵنگارییە ئابوورییەکان دەکەین، لە داواکاری دووەمیشدا لێکۆڵینەوە بۆ ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین.

---

(1) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی، سەچاوەی پێشوو .

(2) مجموعه الازمات الدوليه، تسليح اكراد العراق : محاربة تنظيم الدولة واستدراج الصراع ، تقرير تقرير(158)، 12 ايار 2015، ص7.متاح على الرابط الالكتروني التالي:
https://www.crisisgroup.org/ar/middle-east-north-africa/iraq/158-tslyh-akrad-alraq-mharbt-tnzym-aldwlt-wastdraj-alsra تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/٢

## داواکاری یەکەم

## ئاڵنگاریە ئابوورییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣

بەشداریکردنی دامەزراوەی سەربازی لە پڕۆسەی گەشەپێدان و بونیاتنانی دەوڵەت واقیعێکە کە وڵاتانی پێشکەوتوو بە فۆرم و پلەی جیاواز لەگەڵ وڵاتانی تازەپێگەیشتودا هاوبەشن، لە ئێستادا ڕۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی دامەزراوەی سەربازی پەیوەندیدارە بە گەشەسەندنەکەیەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ڕوودانی گۆڕانکاری ڕێژەیی لە چەمکی ئەرکەکانی بەرگریدا [1].

بێ گومان یەکێک لە ئاڵنگاریەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە نەبووەتە خاوەن بوودجە و ئابووریەکی سەربەخۆ کە بتوانێت خۆی خەرجیەکانی خۆی دابین بکات و چالاکی ئابووری ئەنجامبدات بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابووریەوە تاڕاددەیەک ئەگەر سەربەخۆش نەبێت نیمچە سەربەخۆ بێت، بۆ نموونە دانانی سندوقێکی ئابووری تایبەت بە خۆیان بۆ ئەوەی لە هەر حالەتەکێ لەناکاودا بوودجە و خەرجیەکانی کێشەی تێبکەوێت ئەو هێزانە بتوانن پشت بەم سندووقە ببەستن بۆ پڕکردنەوەی پێداویتسەکانیان [2].

بۆ زانین ئەم حالەتە لە تورکیا ڕویدا کاتێک دامەزراوەی سەربازی بە پێی یاسای ژمارە(٢٠٥)ی ساڵی 1961سندوقی خانەنشینی نەچاری بۆ سەربازانی سوپا دامەزراند بەمەبەستی دابینکردنی سەرمایە بۆ کۆمپانیایەکی وەرگر (قابضة) بە ناوی (ئۆردو یاردیملسما-OYAK)، دوو ئامانجی لە پشت دامەزراندنی کۆمپانیاکەوە هەبوون، یەکەمیان باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەفسەرانی سەربازی و ئەندامانی سندوقی خانەنشینی، دووەمیان دابینکردنی سەرمایە بۆ گەشەپێدانی نیشتمانی، کۆمپانیاکە بووە هۆی ئەوەی دامەزراوەی سەربازی ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنی لە ڕووی ئابووریەوە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەولەت لە تورکیا بگێرێت[3].

هەموو وەڵامەکانی سەرکردە سیاسیەکان و فەرماندە سەربازیەکان هاوڕان لەگەڵ بۆچوونی توێژەران سەبارەت بە نەبوونی پڕۆژەی ئابووری تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە کە بووەتە ئاڵنگاری لە بەردەم کاراتر کردنی ڕۆڵیان لە پڕۆسەی بونیاننتانای دەوڵەت، بۆ نموونە لیوا روکن (عومەر سالح) دووپاتی دەکاتەوە کە "زۆر گرنگە هێزەکانی پێشمەرگە پڕۆژەی ئابووری خۆی هەبێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەو پڕۆژانەمان نیە" [4] ، هەر وەها لیوا روکن (هۆگر صلاح الدین ) هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچۆنە و وتی " زۆر پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە پڕۆژەی ئابووری خۆیان هەبێت بۆ خوبژێوی و پێشکەوتنی تواناکانی خۆیان، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەو پڕۆژانەمان نەبووە چونکە پێویستیان بە سەرمایە و یاسایەکی تایبەت لەم بوارەدا هەیە" [5] ، لە لای خۆیەوە ( محەمەد حاجی مەحموود) دووپاتی کردەوە کە "هێزەکانی پێشمەرگە پڕۆژەی ئابووری تایبەت بەخۆی نیە بۆ ئەوەی توانای خۆیان پێ بەرز بکات، جگە لە هەندێک کار وکارگەی بچوک وەکو کاری

---

([1]) هاني سليمان، الدور التنموي للمؤسسة العسكرية: خبرات دولية ودروس مستفادة، مجلة بدائل، مركز الاهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية ، القاهرة ، العدد (28) ، 2018،ص26.

([2])د.ئومێد رفيق فتاح ؛ و د. عابد خالد رسول، سەرچاوەی پێشوو ، ل169.

([3]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زيد اسامة احمد الرحماني، دور المؤسسة العسكرية في الحياة السياسية في تركيا اثناء فترة حكم حزب العدالة والتنمية(2003-2010)، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم السياسية، جامعة الشرق الاوسط، 2013، ص ٣٨. ؛ زينب ابو المجد ؛ وعصمت أكشا ؛ و شانا مارشال ، مساران للهيمنة : الشركات العسكرية في تركيا ومصر ، مركز كارنيجي للشرق الاوسط ، 2020، ص7-10.

([4])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح، سەچاوەی پێشوو .

([5]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن هۆگر صلاح الدین فەرماندەی فیرقەی یەکی سەر بە وەازرەتی پێشمەرگە ، ٢٠٢٥/٧/٣، هەولێر .

درواری بۆ دروونی جلوبەرگی پێشمەرگە بەڵام پرۆژەی ئابووری گەورە تا ئێستا نیە"[1]، لە لای خۆیەوە فەریق (عەزیز وەیسی) جەختی کردەوە کە پشت بەستن بە تواناکانی خۆمان بۆ خوبژێوی زۆر گرنگە، وتی ئێمە وەکو هێزی زێرەڤانی کارگەی بچوک بچوکمان هەیە بۆۆ نموونە کارگەی درواز بۆ دروونی جلوبەرگی هێزەکانی زێرەڤانی" [2].

ئەم حاڵەتە جیاوازە لەگەڵ ئەو مۆدێلە نێودەوڵەتییە سەرکەوتووانەی کە توێژەران ئاماژەیان پێکردووە، وەک ئەزموونەکانی تورکیا و پاکستان و میسر، بۆیە لیوا روکن (بەختیار محەمەد) جەختی کردەوە کە " لە کاتی ئێستادا هێزەکانی پێشمەرگە پرۆژەی ئابووری تایبەت بە خۆی نیە، بەڵام یەکێک لە بەرنامە و تموحەکانمان ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە لە داهاتوویەکی مامناوەند تەنها هێزێکی بەکاربەر نەبێت و بتوانین بەرهەمی هەبێت وەک دامەزراوە سەربازییەکانی ولاتانی تر وەکو تورکیا و میسر و ئێران و پاکستان و سەنیگال و هەندێک ولاتانی تری جیهان کە پرۆژەی ئابوورییان هەیە لە بوارەکانی تری ناسەربازی بۆ نموونە کشتکوکاڵ و پیشەسازی "[3].

تێڕوانینە تیۆریەکان لەگەڵ واقعی مەیدانی یەکدەگرنەوە سەبارەت بە ئاڵنگاریە ئابوورییەکان، تێڕوانینە تیۆریەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە "یەکێک لەو ئاڵنگاریانەی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا نەبوونی بودجە و ئابووریی سەربەخۆیە"، ئەمەش ڕاستەوخۆ هاوتەریبە لەگەڵ بۆچوونی فەریقی یەکەم( بابەکر زێباری) کە دووپاتی کردەوە "هێزەکانی پێشمەرگە بودجەیەکی سەربەخۆی نییە؛ هەموو ئەوەی هەیەتی مووچەیە" [4] ، هەر وەها لیوا روکن( عومەر صالح) ڕەهەندێکی گرنگی زیاد کرد  وجەختی لەوە کردەوە کە " بودجەی هێزەکانی پێشمەرگە بەراورد ناکرێ لەگەڵ هیچ هێزێک یان سوپایەکی تر لەسەر زەوی، ئاماژە بە بەراوردی لایەنی تەکنولۆژی و دارایی لەگەڵ سوپا پێشکەوتووەکاندا کرد " [5].

لە ئەنجامی بۆچوون و دەرهاوێشتەکانی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا دەتوانرێت بۆ رۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت سوود لە ئەزموونی ئەم دامەزراوانە وەربگیرێت، بەڵام ئەمە نەکراوە بەهۆی ئەو ئالنگاریانەی کە باسکراون، ئەمەش جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەو مۆدێلە نێودەوڵەتیانەدا هەیە کە لەلایەن توێژەرانەوە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە، وەک چالاکی ئابووری و بازرگانی هەر یەک لە دامەزراوە سەربازییەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەوە باسکراون.

لە ڕاستیدا بەپێی مادەی (١٢١/ خامسا) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥[6]، هێزەکانی پێشمەرگە وەکو (حرس الاقلیم) هێزێکی دانپێنراوە کە  تایبەتە بە هەرێمی کوردستان و بەشێکە لە سیستمی بەرگری دەوڵەتی عێراق ، بۆیە پێویستە پارەدارکردن و دابینکردنی تەواوی پێداویستیەکانی لە لایەن حکومەتی فیدراڵ بێت[7]، بەڵام تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵ کاریگەری نەرێنی کردووە سەر دابینکردنی پێداویستی ئەم هێزانە لە لایەن حکومەتی فیدراڵ، ئەم بابەتەش بووە یەکێک لە کێشە ئالۆزەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ [8]، لە ئەنجامدا حکومەتی هەرێم هەڵدەستا بەدابینکردنی مووچە وپێداویستیەکانیان بە رێژەی ٦٠-٧٠% ، هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانان هاوکاری دارایی پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن لەژێر ناوی پرۆگرامی سندوقی مەشق و پێداویستی بو بەرەنگاربوونەوەی داعش، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای داراییەکەی سنووردارە [9].

---

([1]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ محەمەد حاجی مەحموود، سەرچاوەی پێشوو .

([2])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی، سەرچاوەی پێشوو .

([3])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوار روکن بەختیار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو .

([4])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، سەرچاوەی پێشوو .

([5])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح، سەرچاوەی پێشوو .

([6]) بڕوانە : مادەی (١٢١/ خامسا)لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥،

([7])د. محمد شادي ؛ و مصطفى احمد، مهاباد: النفط والبيشمركة وانهيار حلم الدولة الكردية، مركز الحبتور للابحاث، مصر ، 2024 ،ص 9-11.

([8]) فلادیمیر ڤان فیلغنبورغ ؛ و ماریو فومرتون ، سەرچاوەی پێشوو ،ل٤.

([9]) د. محمد شادي ؛و  مصطفى احمد، سەرچاوەی پێشوو ، ص 9-11.

بۆیە پێمان وایە بابەتی ئابووری بووە یەکێک لە ئاڵنگاریە گەورەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە نەیتوانیوە لە ڕووی ئابووریەوە بودجەیەکی وای هەبێت کە بتوانێت خۆی پێ بەڕیوەبەرێت و تەواوی پێداویستیە سەربازییە پێشکەوتووکان بۆ خۆیان دابین بکات،ئەوان هیچ پرۆژە وچالاکییەکی ئابووری سەربەخۆیان نییە، بەڵکو ئەوانیش وەکو تەواوی سێکتەرەکانی تری حکومەت بودجە و مووچە و پێداویستیەکانی لە حکومەت وەردەگرن، تواناى حکومەتی هەرێمیش سنووردارە، بۆیە ئەم حاڵەتە بووەتە ئاڵنگاری لەبەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان، پێمان وایە تاوەکو هێزەکانی پێشمەرگە نەبێتە دامەزراوەیەکی پیشەیی پرۆفێشناڵ ناتوانێت لە ڕووی ئابووریەوە گەشە بکات و ڕۆڵێکی ئەرێنی لەم پرۆسەیەدا بگێرێت.

## داواکاری دووەم

## ئاڵنگاریە کۆمەڵایەتیەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣

دابەشبوونی سیاسی کاریگەی لەسەر عەقلیەت و رەفتار و هەڵسوکەوتی تەواوی خەلکی هەرێمی کوردستان کردووە چ لەسەر ئاستی کەسێتی یان لەسەر ئاستی گرووپ و دامەزراوەکان بەتایبەتی هێزەکانی پێشمەرگە، واتە دابەشبوونی سیاسی پارچەپارچە بوونی تەواوی کۆمەلگای کوردستانی لێکەوتووەتەوە و بۆتە ئاڵنگاری لە بەردەم هەر یەکگرتن و یەکانگیریەک لە سێکتەرەکانی کۆمەلگای کوردستانی کە دواجار بووەتە ڕێگر لە بەردەم بەهێزبوونی دامەزراوەکانی بونیاتنانی دەوڵەت [1].

میراتی دووبەرەکی و ڕکابەری و شەڕی ناوخۆی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی کردۆوەتە سەر کلتوور و ژیانی سیاسی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی و لە هەمووشیان هەستیار و گرنگتر هێزەکانی پێشمەرگە، بۆیە ئەم هێزانە هێشتا لەژێر کاریگەری ڕابردوودا دەژین و نەیاتوانیوە لەژێر هەژموون و کاریگەری ململانێکانی پێشوو ڕزگار بین کە ڕەگ و ڕیشەی بە قوولی چووەتە خوارێ لەناو گەلی کوردا [2]، ئەمەش بووەتە یەکێک لە ئاڵنگاریەکانی بەردەم ڕۆلی ئەرێنی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا.

وەڵامی هەندێک لە سەرکردە سیاسیەکان و فەرماندە سەربازیەکان هاوتەرییە لەگەڵ تێڕوانین و شیکاریەی توێژەران، بۆ نموونە لیوا روکن ( عومەرسالح) دەڵێت" شەڕی ناوخۆ شەڕێک بوو هیچ کەسێک شانازی پێوە ناکات، دووبارە نامانەوێت ئەم ڕۆلەمان هەبێت لە ململانێکانی نێوان پارتە سیاسیەکان، بابەتێکە لەبیرکراوە و کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەمە واقعێکە کە شەڕی ناوخۆ بە هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسیەکان دروستبووە" [3]، لە کاتێکدا (محەمەد حاجی مەحموود) مەحموود) جەختی لەوە کردەوە کە" پارتە سیاسیەکان بە پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیان دووبەرەکی و ململانێی و شەڕی یەکتری دەکەن، هێزەکانی پێشمەرگەش ناچارن فەرمانی پارتە سیاسەکانیان جێبەجێ بکەن"[4]، هەر وەها لیوا روکن ( بەختیار محەمەد) جەختی لەوە کردەوە کە "ڕاستە لە ڕابردوودا شەڕی ناوخۆ ڕویداوە و کۆمەلێک حاڵەت و مێژووی ناخۆش هەبووە، بەڵام لە ئێستادا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە هێزەکانی پێشمەرگە لە ژێر کاریگەری حیزبی دەربچن و ببنە هێزێکی نیشتیمانی یەکگرتو" [5]، لە لایەکی ترەوە فەریقی یەکەم ( بابەکر زێباری ) ئاماژەی بەوەدا کە" ناتوانین نکۆلی لەوە

---

([1]) سميع صابر صديق، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٠.

([2]) جتو صالح سعيد، سەرچاوەی پێشوو، ص56.

([3])چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح، سەچاوەی پێشوو .

([4]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ محەمەد حاجی مەحموود، سەچاوەی پێشوو .

([5]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوار روکن بەختیار محەمەد، سەچاوەی پێشوو .

بکەین کە ناکوکی و شەر لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسیەکان روویداوە"[1]، لە لای خۆیەوە (فازڵ میرانی ) پێی وایە کە "بەشداریکردنی هێزەکانی پێشمەرکە لە شەڕی ناوخۆ بە ناچاری بووە چونکە فەرمانیان پێکراوە، پێشمەرگەش لەم حاڵەتەدا یان دەبێت خۆ لابدات لە فەرمانەکان وجێبەجێیان نەکات ئەمەش کارێکی ئەستەمە بۆی یانیش دەبێت فەرمانەکانی سەرووی خۆیان جێبەجێبکات" [2].

بۆیە بە بۆچوونی توێژەر پێش ئەوەی هەنگاو بنرێت بۆ یەکگرتن و چاکسازی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت ئامادەسازی و زەمینەسازی لە رووی دەروونی و رەوشەنبیری و کۆمەڵایەتی و گۆڕینی فیکر و عەقلیەتی تاکەکانی ئەو هێزانە بکرێت، لە جیاتی توڵەکرنەوەو و ڕکابەری و شکاندن و بەگۆمانەوە سەیری یەکتر کردن، عەقلیەتی ڕێزگرتن و یەکتر قەبوول و یەکگرتن جێگای بگرێتەوە بۆ ئەوەی یەکگرتنێکی پتەو و بەهێز بێت و دامەزراوەیەکی سەربازی پیشتەیی بەهێز لێبکەوێتەوە کە بتوانێت ڕۆلێکی ئەرێنی کاریگەر لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا بگێرێت .

بەڵگەش بۆ ئەم ئارکومێنتە (ڤێرینا گروبەرVerena Gruber) پێی وایە کەوا دروستبوونی دامەزراوەیەکی سەربازی پیشەیی بەشێوەیەکی کارا زۆر گرنگە بۆ پڕۆسەی بونیاتنانی دەولەت[3]، جەختیش دکاتەوە کە تەنیا پێکهێانی یەکەی سەربازی (وحدات عسكرية) لە ڕووی پەیکەر بەس نیە بۆ ئەوەی یەکگرتن لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام بێت، بەڵکو بیروباوەڕی بنەڕەتی سەربازە یەکگرتووەکان و کلتوری ڕێکخراوەیی پێویستە حسابیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی یەکگرتنەکە بتوانێت بەردەوام بێت، چونکە بە پێچەوانەوە ئەم هێزانە لەگەل دروستبوونی هەر دابەشبوونێکی سیاسی بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە یەکتریان جیا دەبنەوە [4]، ئەم حالەتە بە فیعلی ڕوویدا لە ڕووداوەکانی ١٦ ئوکتوبەری ساڵی٢٠١٧ کە لە ئەنجامی هێرشی سوپای عێراق و چەکدارانی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک و دەوروبەری ڕویدا، لیوا هاوبەشەکانی پێشمەرگە بە ئاسانی و بە یەک ئیعاز لە یەکتر جیابوونەوە وهەر یەکێکیان گەڕانەوە بۆ ناو ڕیزەکانی حیزبی خۆیان [5].

(محەمەد حاجی مەحموود) ئەمەی پشت ڕاست کردەوە کاتێک دەڵێت "زۆر جار هەندێک لە هیزەکانی پێشمەرگە تێکهەڵکراون، بەڵام کە ناکۆکی لە نێوان پارتە سیاسیەکان ڕوودەدات ئەم هێزانە دابەش دەبن و هەر یەکێکیان دەچن بۆ لای پارتە سیاسیەکەی، بۆ نموونە کە شەڕی ناوخۆ لە ساڵانی نەوەدەکان ڕویدا ئەو هێزانەی کە تێکهەڵکرابوون بوونە دوو بەش و هەر بەشێکیان چوون بۆ لای حیزبەکەی خۆیان، بە هەمان شێوە لیوا هاوبەشەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕووداوەکانی ١٦ی ئوکتۆبەر دابەشبوون و هەر بەشێک چوو بۆ لای حیزبەکەی خۆی" [6].

سەبارەت بەم تێڕوانینە فەریق( عەزیز وەیسی) وتی" ناکۆکییە سیاسیەکان هۆکاری نەبوونی یەکڕیزینە لەناو هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە هەموومان خاوەن بیرو باوەڕی هاوشێوە نین، بەشێ هەرە زۆری ئێمە یان پارتیە یانیش یەکێتیە، هەر کاتێک پارتە سیاسیەکان ناکۆک بن کاریگەریان هەیە لەسەر نەبوونی تەبایی و یەکڕیزی لەناو هیزەکانی پێشمەرگە ، بۆ نموونە لە ڕووداوەکانی ١٦ ئوکتەبەر کە یەکڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر کاریگەری و فەرمانی هێزێکی سیاسی درزی تێکەوت نەمانتوانی وەکو پێویست لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی سنووری هەرێم بەرگری بکەین و

---

(1) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، سەچاوەی پێشوو .

(2) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فازڵ میرانی، سەچاوەی پێشوو .

(3)Verena Gruber, Revisiting Civil-Military-Relations Theory: The Case of the Kurdish Regional Government of Iraq (master's thesis), Lund University, 2015, p.29-31.

(4)Verena Gruber- Sytchev, The Social CONstruction of Military Unity and a Post- Merger Integration of the Unified Peshmerga Forces in the Kurdistan Rrgion of Iraq, (PHD), University of Birmingham ,2020, pp.4,23,26.

(5) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. قادر نادر محمد ، لە بڕیاری ریفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر( توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە) ، دەزگای ستاندەر ، هەولێر ، ٢٠١٨ ، ل.٢٧٠؛ فيديريكو بورساري، إضفاء الطابع المؤسسي على البيشمركة:من أجل استقرار العراق، ملخص ميري السياسي، العدد(35)، المجلد(4)، 2019، ص3.

(6) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ محەمەد حاجی مەحموود، سەچاوەی پێشوو .

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بیانپارێزین "[1]، ئەمەش بە واتای نەبوونی پێوەرەکانی دامەزراوەیی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە دێت بە پێی پێوەرەکانی تیوری دامەزراوەیی وەکو یەکگرتوویی و سەربەخۆیی دامەزراوەکە .

لە لایەکی خۆیەوە (ساموئیل هیلفونت Samuel Helfont)جەخت لەسەر گرنگی دروستبوونی عەقڵیەتێک دەکات کە رێگە بە یەکگرتن و چاکسازی بدات، زۆرینەی ڕەهای هێزەکانی پێشمەرگە دڵسۆزی و ئینتیمای سیاسییان هەیە و کەس ناتوانێت بە سادەیی دووریان بخاتەوە لە حیزبەکانیان، هەر پلانێک بۆ چاکسازی لە هێزەکانی پێشمەرگەدا دەبێت کار بکات بۆ لاوازکردنی ئەو عەقڵیەتە حزبایەتییە [2].

پێمان وایە ئەم عەقلیەتە نەک هەر لەسەر ئاستی هێزەکانی پێشمەرگە ڕەنگی داتەوە بەلکو لەناو تەواوی سێکتەرەکان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانە دەکات و لە هەندێک حالەتدا بووەتە ڕێگر لەبەردەم بەجێگەیاندنی وەزیفە و ئەرکی ئەو دامەزراوانە بەشێوەیەکی کارا ، کە ئەمە پێچەوانەی بنەماکانی تیۆری کارایی / وەزیفی یە.

جیاوازی لە وەڵامی سەرکردە سیاسیەکان و فەرماندە سەربازیەکان ئاڵۆزی پرسی عەقیدەی حزبی و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکڕیزی ئاشکرا دەکات، فەریقی یەکەم (بابەکر زێباری) لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت"هەر کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە تێکەڵ کرابن کێشە و ئاریشەیان نەبووە و پێکەوە کاریان کردووە و سەرکەوتووبوونە لە جێبەجێکردنی وەزیفە و ئەرکەکانیان، بۆ نموونە هەندێک جار ئامر لیوا لە پارتێکی سیاسی بووە و جێگرەکەی لە پارتێکی تر بووە ، بەم شێوەیە کاریان پێکەوە کردووە و گرفتیان نەبووە" [3].

هەر وەها(شێخ جعفر شێخ مستەفا) هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونە و ووتی" ئەوەی کە بینیوم لەناو واقعی هێزەکانی پێشمەرگە تەنها یەک پێشمەرگە و فەرماندە نییە کە حەز نەکات هەموو هێزەکانی پێشمەرگە یەک بگرنەوە و بن بە یەک هێز ، حیزب وەسیلەیە بۆ خەبات و بەرگریکردن لە نشتیمان و گەلەکەی" [4].

بە بۆچوونی فەریق( عەزیز وەیسی) هەر کاتێک ناکۆکی نەبێت لەنێوان هێز و لایەنە سیاسیەکان هێزەکانی پێشمەرگە هیچ کێشەیەکیان نیە و تەبان، بۆیە هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام فاکتەری یەکڕیزی و یەکگرتنە [5]. ئەم دیدگایە گەشبینییە تا ڕادەیەک تەحەدای شیکاری ئەکادیمی توێژەران دەکات کە سەرنجی لە سەر ئاڵنگاریە پێکهاتەیی و وەزیفەییەکانە.

بە تێڕوانینی(تشیریل هندریکس Cheryl Hendricks و لورین هوتون Lauren Hutton ) زۆرینەی وڵاتان لە دوای شەڕ و ململانێ پێویستیان بە ئەنجامدانی چاکسازیە لە کەرتی ئەمنی و دامەزراندنی دامەزراوە حکومی و سەربازیەکان کە مەشروعیەتیان هەبێت، چونکە شەڕی ناوخۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەکداری نە نیزامی سەر بە پارتە سیاسەکان، بۆیە لە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی چاکسازی هێزە ئەمنیەکان دەبێت دەستێوەردان و کاریگەری پارتە سیاسیەکان لە سەر ئەم هێزانە لاواز بکرێتەوە، دواتر پێداچوونەوە بە پەیکەری هێزەکاندا بکرێتەوە لە ڕووی نیزامیەوە، لە هەمووشیان گرنگتر پێویستە کار لەسەر گۆڕانی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و عەقلیەت و رۆشنبیری رێکخستنی ئەو هێزانە بکرێت بۆ ئەوەی یەکگرتنەکە بەردەوام بێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی زیادبوونی توانا و لێهاتوویی دامەزراوەی سەربازی[6].

---

([1]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی، سەچاوەی پێشوو .

([2])Samuel Helfont, Getting Peshmerga Reform Right: Helping the Iraqi Kurds to Help Themselves in Post-ISIS Iraq, A joint report by the Foreign Policy Research Institute (Philadelphia) and the Institute of Regional and International Studies at American University of Iraq, Sulaimani,2017, pp.6-7.

([3]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، سەچاوەی پێشوو .

([4]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شێخ جعفر شێخ مستەفا، سەچاوەی پێشوو .

([5]) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی، سەچاوەی پێشوو .

([6]) تشيريل هندريكس؛ و لورين هتون، النوع الاجتماعي واثره في اصلاح قطاع الدفاع ،معهد الامم المتحدة للبحث والتدريب من أجل النهوض بالمرأة، ترجمة: مركز جنيف للرقابة الديمقراطية على القوات المسلحة(DCAF)، 2008، ص10.

هەر وەها بە بۆچوونی (سەردار عەزیز)بۆ ئەوەی سەرباز و سوپایەکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان سەرهەڵبدات، دەبێت پچڕانێک لە چوارچێوە و بیرکردنەوە و پێکهاتە و جوگرافیا و ئابووریی و شەڕی ناوخۆ هەبێت [1].

بەڵام (ئەنتونی کینگ Anthony King) کە زانایەکی کەنەدیە لە بواری سیاسەتدا بۆچوونێکی جیاوازی هەیە وپێی وایە دەکرێت متمانەی پیشەیی لە نێوان چەکدارەکان هەبێت بەبێ ئەوەی خۆشەویستی کەسایەتی لە نێوانیان هەبێت، چونکە ئەدا و کارایی سەربازی پەیوەستە بە ڕادەی پابەندبوونی ئەندامانی هێزی چەکداری بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانجی پیشەیی و سەربازی نەک خۆشەویستی هەر یەکێکیان بۆ ئەویتر، بۆیە هەبوونی متمانە پەیوەستە بە کارایی و لێهاتوویی سەربازی و ڕێزگرتنی بەرامبەر لەسەر بنەمایی پێشەیی نەک دروستبوونی پەیوەندی هەڤالینی لە نێوانیان، ئەم بابەتە سەلمێنراوە لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆلینەوە لەسەر هێزە ئەوروپیە فرە ڕەگەزەکان لە کاتی شەڕی دژە تیرۆر لە ئەفغانستان[2]، دەکرێت ئەم بابەتە سوودی هەبێت بۆ کەیسی یەکگرتنەوە ویەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

بۆچوونی لیوا روکن ( عومەر سالح ) لەگەڵ ئەم تێڕوانینە تیۆریانە یەکدەگرێتەوە کاتێک لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت" لە ڕووی عەقیدە وبیرو باوەڕەوە زۆر پێویستە بیروباوەڕێک لە مێشکی هێزەکانی پێشمەرگە بچەسپێت کە ئینتیما و وەلاء و خەباتی بۆ نیشتیمان بێت و ببێت بە خاوەن بیروباوەڕێکی بەهێز و پتەوی نیشتیمانی تاوەکو بتوانێت زۆر بە باشی ئەرک و وەزیفەکانی جێبەجێ بکات "[3].

ئەزموونی شەڕی داعش مۆدێلێکی سەرنجڕاکێش دەڕەخسێنێت کە تەحەدای شیکاری ئەکادیمی دەکات سەبارەت بە بێتوانایی هێزە دابەشبووەکان لە هاوکاریکردنی یەکتر دژی مەترسی و هەڕشەکان، بۆ نموونە فەریقی یەکەم (بابەکر زێباری) دووپاتی دەکاتەوە کە"ئەو دوو لیوا هاوبەشەی لە میحوەری سەحلێلا کە لە بەرەکانی شەڕدا بوون وەک خۆیان مانەوە و پێکەوە بەرگرییان کرد و هەڵنەوەشانەوە"[4]، هەر وەها ( شێخ جعفر شێخ مستەفا) دەڵێت" لەشەڕی دژی داعش هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی لە یەک سەنگەردا خوێن و گۆشتیان تێکەڵبوو، بۆ نموونە من لە کەرکووک سەرپەرشتی ژمارەیەک میحوەرم دەکرد نەمزانیوە کێ پارتیە کێ یەکێتیە چونکە هەر هەموویان بەیەکەوە بەرگریان کردووە دژی داعش و ئەرکەکانیان جێبەجێکردووە، بەهەمان شێوە لە میحوەرەکانی تر"[5].

فەریق( عەزیز وەیسی) هاوڕایە و لە وەڵامی پرسیارێکدا وتی "لەکاتی بەرگریکرن هەموومان وەکو یەک سوپا کار دەکەین، بۆ نموونە لە شەڕی دژی چەکدارانی داعش دەرکەوت کە هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو ناوچە جیاوازەکان پێکەوە بەرگریان کرد وەکو یەک سوپا، هیچ کاتێک کەسێک داوای ئینتیمای سیاسیان نەدەکرد، یەکڕیزی و یەکگرتنەکی بێ وێنەیان هەبوو" [6].

بە بۆچوونی توێژەر یەکێک لە ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر کاریگەری هەندێک فاکتەری وەک بەشداریکردن لە شەڕی ناوخۆ بە بڕیاری پارتە سیاسیەکان دواتر دروستبوونی دوو زۆنی ئیداری لەناو حکومەتی هەرێم وای کردووە کە ئەم هێزانە لە دەڤەرەکانی سنووری پارتەکانی تر جێگای قەبولکرن نەبن، هەر وەها ئەم حاڵەتە وای کردووە کە هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە سیاسیەکان نەتوانن یەکتر قەبول بکەن وپێکەوە کار بکەن تەنها لە حاڵەتێک نەبێت ئەویش

(1)Dr.Sardar Aziz, Reforming the Civil-Military Relationship in Kurdistan (Peshmerga), Amman, Friedrich-Ebert-Stiftung Jordan & Iraq, Amman, Jordan , 2017, p.9.

(2) انطوني كينج، تدويل القوات المسلحة، في : جوزيف سويترز وآخرون، إدارة المؤسسات العسكرية بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، دراسات مترجمة (77)، ابو طبي- الامارات، 2016 ، ص89 .

(3) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر سالح، سەچاوەی پێشوو .

(4)چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، سەچاوەی پێشوو .

(5)چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شێخ جعفر شێخ مستەفا، سەچاوەی پێشوو .

(6) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی، سەچاوەی پێشوو .

هەبوونی دوژمنێکی هاوبەش و مەترسیدار بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان وەکو چەکدارانی داعش، ئەم حاڵەتەش کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان .

## گفتوگۆی دەرەنجامەکان:

ئەم توێژینەوەیە که پشت بە چاوپێکەوتنی قووڵ بە شێوارزی نیمچە ڕێکخراو لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و سەرکردەی هێزەکانی پێشمەرگە دەبەستێت، کۆمەڵێک دەرەنجامی سەرەکی ئاشکرا دەکات کە سروشتی ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی بەردەم ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان دوای ساڵی 2003 شرۆڤە دەکات. دەرەنجامەکان بوونی کەلێنێک لە نێوان تێگەیشتنی تیۆری بۆ ڕۆڵی هێزیەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لەگەڵ واقیعی هێزەکانی پێشمەرگە لە ئاستە ( سیاسی، دامەزراوەیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا) نیشان دەدەن. ئەم ناتەباییە کەلێنە ئاڵۆزییەکانی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر دامەزراوەی سەربازی ڕەنگدانەوەی هەیە ، و پشتڕاستی بەشێکی بۆچوونی توێژینەوەکانی پێشوو دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەهەندێکی شیکاری قووڵتریش زیاد دەکات، کە پشت بە ئەزموون و شارەزایی ڕاستەوخۆی کارێکتەرە سەرەکییەکان لەناو سیستەمەکەدا دەبەستێت.

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ڕێککەوتنێکی ڕێژەیی دەدەن لە نێوان ئەو کەسەناەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە سەبارەت بە کاریگەریی ناتەبایی سیاسی حیزبی لەسەر کاری هێزەکانی پێشمەرگە و پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت. ئەمەش پشتگیری لەو ئارگیومێنتانە دەکات کە فلیرفۆت (2018) و عەزیز و کۆتی (2021) سەبارەت بە سروشتی حیزبی هێزەکان خستوویانەتە ڕوو. بەڵام تێڕوانینێکی تر لە چاوپێکەوتنەکاندا سەریهەڵدا کە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییە دەدات بە جەختکردن لەسەر ئەدای نیشتمانی هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتی بوونی هەڕەشە ڕاستەقینەکان، وەک شەڕی داعش. ئەم جیاوازیە لە نێوان تێڕوانینە تیۆری و پراکتیکییەکاندا ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان و ئەدای سەربازی پەیوەندییەکی سفری نییە، هەروەها ڕەنگە بارودۆخی ئەمنی دابەشبوون بگۆڕێت بۆ یەکگرتوویی کاتی بە پێی بارودۆخ، بەڵام ئاریشەکە لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەرناکات. بەم شێوەیە توێژینەوەکە ڕەهەندێکی شیکاری گرنگ زیاد دەکات ئەویش ئەوەیە کە "یەکگرتوویی لە کاتی جەنگدا مەرج نییە لە کاتی ئاشتیدا بەردەوام بێت"، ئەمەش خاڵێکە کە لە ئەدەبیاتی پێشوودا بە ڕوونی ئاشکرا نەکراوەتەوە.

هەروەها ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان جیاوازەکانی نێوان بۆچوونی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا کراوە سەبارەت بە کاریگەریی ئاڵنگاری دامەزراوەیی لەسەر کاریگەریی هێزەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا ئاشکرا کرد. هەندێکیان دانیان ناوە بە دەستوەردانی پارتە سیاسیەکان لە دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە ، ئەمەش هاوتەرییە لەگەڵ چوارچێوەی هەنتینگتۆن سەبارەت بە پێویستی جیاکردنەوەی دامەزراوەی سەربازی لە هێزە سیاسییەکان بۆ بونیاتنانی دەوڵەتێکی سەقامگیر، هەر وەها لەگەڵ شیکارییەکانی جیۆستۆزی (2011) سەبارەت بە مەترسییەکانی فراوانبوونی کاریگەریی نوخبە حزبییەکان لەسەر لایەنی سەربازی، بەڵام هەندێکی تر پێیانوابوو ئەم دەستوەردانە ڕێگری لە هێزەکانی پێشمەرگە ناکات لە جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکانیان ، بەشی یەکەمی ئەم دۆزینەوانە بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئێستا بەشدارییەکی زیاتر پێشکەش دەکات ئەویش کە هەندێک لە سەرکردە سەربازییەکان دان بە کێشەکەدا دەنێن بەڵام پێیان ولایە کە ئەم کێشەیە قابلی گەنگەشەیە ، نەک بە گۆڕانکاری ڕیشەیی هەنوکەیی.

لە لایەکی دیکەوە، دەرەنجامەکان بە ڕوونی تیشک دەخەنە سەر سنووردداربوونی سەرچاوە داراییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و پشتبەستنیان بە بودجەی حکومەتی هەرێم و پشتیوانی هاوپەیمانان ، ئەمەش توانای گەشەپێدانیان لاواز دەکات و وایان لێدەکات کە کاریگەریەکی کەمتریان هەبێت لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتدا بە بەراورد بە ئەزموونی وڵاتانی دیکەی وەک تورکیا و میسر ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی بەشداربووان دانیان بەم بۆشاییە ئابوورییە ناوە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی هەندێکیان جەخت لەسەر هەنگاوی وردە وردە دەکەن نەک چاکسازی ڕیشەیی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی دیدگایەکی ئابووری ڕوون لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕەهەندێکی نوێ بۆ ئەدەبیات زیاد

دەكات بە بەستنەوەی ئابووری سەربازی بە شەرعیەتی سیاسی و بونیاتنانی دەوڵەتەوە كە لە توێژینەوەكانی پێشوو لەسەر پێشمەرگە بە قووڵی باس نەكراوە.

سەبارەت بە ڕەهەندی كۆمەڵایەتی چاوپێكەوتنەكان میراتێكی مێژوویی لە كاریگەری دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان ئاشكرا كردئەویش ئەوەیە كە لە شەڕی ناوخۆ و لێكترازانی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە، كە بەردەوام دەبنە ڕێگری لە بەردەم بەهێزكردنی بیرو باوەڕێكی سەربازیی نیشتمانیی یەكگرتوو. هەندێك لە سەركردەكان بۆ هەوڵیان دا كە كاریگەرییەكانی ئەم فاكتەرە كەم بكەنەوە ، بەڵام لە شیكاری وەڵامەكانیان دەركەتووە كە كەلێنێكی ناوخۆیی لە متمانە و ناسنامەی پیشەیی هەیە كە هاوتەرییە لەگەڵ تێبینییەكانی گروبەر (2020) سەبارەت بە پێویستی بونیاتنانەوەی كولتوری سەربازی هاوتەریب لەگەڵ هەر چاكسازییەكی پێكهاتەیی. ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەكی بەنرخ پێشكەش دەكات لە ڕێگەی ئاشكراكردنی چۆنیەتی كاریگەری ناسنامەی سیاسی لە هۆشیاری تاكەكەسی كارمەندەكاندا ڕەنگدەداتەوە و بونیاتنانی دەوڵەت.

## ئەنجام

ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەوە دەردەخات كە ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستان لە دوای ساڵی 2003 پڕە لە ئاڵنگاری ناوخۆیی جۆراوجۆر كە سروشتی سیاسی و دامەزراوەیی و كۆمەڵایەتی و ئابووریيان هەیە، كە بە شێوەیەک كارلێك دەكەن كە ڕێگرن لە گواستنەوە بۆ دامەزراوەیەكی سەربازیی نیشتمانیی یەكگرتوو، سەرەڕای ئەوەی ئەنجامی چاوپێكەوتنەكان پابەندبوونێكی نیشتمانپەروەرانەی ڕوون لە نێوان زۆرێك لە فەرماندەكانی پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرگریكردن لە ناوچەكە ئاشكرا دەكات، بەڵام بەردەوامی كاریگەریی لایەنە سیاسییەكان و لاوازی پێكهاتە دامەزراوەییەكان ئاماژەن بۆ كەلێنێك لە نێوان ڕۆڵی چاوەڕوانكراوی هێزەكانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت و ئەدای ڕاستەقینەیان لە چوارچێوەی هەرێمی كوردستاندا.

ئەم لێكۆڵینەوەیە ڕەهەندێكی شیكاری گرنگ بۆ ئەدەبیات زیاد دەكات بە خستنەڕووی بۆچوونی كارێكتەرەكانی ناو هێزەكانی پێشمەرگە وپارتە سیاسیەكان ، ئەمەش ڕێگە دەدات بە تێگەیشتنێكی واقیعیتر و وردتر لە ئاڵنگارییەكانی چاكسازیی لە كەرتی سەربازی و ئەمنی لە هەرێمی كوردستان. دەرەنجامەكان ئەوە ئاماژە بەوە دەكەن كە بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە پێویستی بە ڕێبازێكی هەمەلایەنە هەیە بۆ بونیاتنانەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هێزەكانی پێشمەرگە، وەكو پەرەپێدانی ڕۆشنبیری ڕێكخراوەیی پیشەیی و بەهێزكردنی سەربەخۆیی دارایی و پێكهاتەیی لەناو هێزەكانی پێشمەرگە بەشێوەیەک، كە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەكانی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت. بۆیە ئەم توێژینەوە بەشدارە لە پڕكردنەوەی كەلێنێكی مەعریفی لە ئەدەبیاتی حوكمڕانی و سەربازی و ئاسایش لە هەرێمی كوردستان، هەروەها ڕێگا دەكاتەوە بۆ توێژینەوەكانی داهاتوو بۆ لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتی و میكانیزمەكانی گواستنەوە لە مۆدێلی دەسەڵاتی حزبی بۆ مۆدێلی دامەزراوەی سەربازی نیشتمانی كە توانای پشتیوانی و بەردەوامبوونی پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەتی هەبێت.

## سەرچاوەكان

یەكەم: كتێب

1. كينج، انطوني، تدويل القوات المسلحة ، في : جوزيف سويترز وأخرون ، إدارة المؤسسات العسكرية بين النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، دراسات مترجمة (77)، ابو طبي- الامارات ، 2016.
2. هندريكس، تشيريل؛و هتون، لورين، النوع الاجتماعي واثره في اصلاح قطاع الدفاع ،معهد الامم المتحدة للبحث والتدريب من أجل النهوض بالمرأة ، ترجمة: مركز جنيف للرقابة الديمقراطية على القوات المسلحة(DCAF)، 2008.
3. قازی، ڕەحیمی، پێشمەرگە، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٨.

4. ڕۆژهەڵاتی، زریان، کاریگەری پێشمەرگە لەسەر بڕەندەسازی نەتەوەیی کوردستان، لە: مازن عەواد وئەوانی تر، سوپا ودەوڵەت، چاپی یەکەم، ناوەندی لێکۆلینەوەی ڕووداو، هەولێر ، ٢٠١٧.
5. هاواری، سەفەر کەریم، پێشمەرگە وەک سیمبولێک لە دیرۆک وئەدەبیات وهونەری کوردیدا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر ، ٢٠١١.
6. عزیز، سردار، الجیش والسیاسة فی اقلیم کردستان العراق ، فی :مجموعة مؤلفین ، الجيش والسياسة في مرحلة التحول الديمقراطي في الوطن العربي ، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات ، قطر، 2016.
7. محمود، عمار عباس، القضية الكردية إشكالية بناء الدولة، الطبعة الاولى، العربى للنشر والتوزيع، القاهرة ، مصر ،٢٠١٦.
8. هنتكتون، صموئيل ، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة ، ترجمة: سمية فلو عبود، الطبعة الاولى، دار الساقي للنشر، بيروت ، لبنان ، 1993.
9. عەواد ، مازن وئەوانی تر، سوپا ودەوڵەت ، چاپی یەکەم، ناوەندی لێکۆلینەوەی ڕووداو، هەولێر ، ٢٠١٧.
10. فوكوياما، فرانسيس، بناء الدولة : النظام العالمي ومشكلة الحكم والادارة في القرن الحادي والعشرين ، ترجمة مجاب الامام ، العبيكان للنشر ، الرياض ، 2007
11. فيبەر، ماكس ، العلم والسياسه بوصفها حرفة، ترجمه: جورج كتوره، المنظمة العربية للترجمة، بيروت ، 2011.

دووەم: توێژینەوەی زانستی

1. الميالي، احمد عدنان، بناء الدولة الحديثة في العراق بعد عام 2003: المعوقات والمقومات، مجلة حمورابي للدراسات، العدد(50)، السنة الثالثة عشرة، 2024.
2. محمد، شادي ؛ و احمد، مصطفى ، مهاباد: النفط والبيشمركة وانهيار حلم الدولة الكردية ، مركز الحبتور للابحاث، مصر ، 2024.
3. فتاح، ئومێد رفیق؛ و رسول، عابد خالد، پڕۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو و ئاستەنگەکان ، گۆڤاری لێکۆلینەوە ئەمنی و سیاسیەکان، سلێمانی، ژمارە(٢)، بەرگی(١)،٢٠١٨، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی، کانوونی یەکەم.
4. عيسى، خالد حميد، مجالات الاصلاح السياسي في العراق، مجلة السياسة الدولية، العدد(59)، كلية العلوم السياسية، جامعة المستنصرية، 2024.
5. بورساری، فيديريكو، إضفاء الطابع المؤسسي على البيشمركة:من أجل استقرار العراق، ملخص ميري السياسي، المجلد(4)، العدد(35)، 2019.
6. رشيدة، فرحي ؛ مسلم، مولود ، تحديات بناء الدولة على ضوء ثورة 25يناير 2011، مجلة السياسة العالمية ، مخبر الدراسات السياسية والدولية بجامعة امحمد بوقرة، جامعة بومرداس، الجزائر، العدد(2)، المجلد (6) ، 2022.
7. محمد، قادر نادر، لە بڕیاری ریفڕاندۆمەوە بۆ شازدەی ئوکتۆبەر( توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە)، دەزگای ستاندەر،توێژینەوەی تایبەت ژمارە (٢٣) هەولێر ،کانوونی دووەم ٢٠١٨.
8. بن جيلالي، محمد امين، بناء الدولة :المفهوم والنظرية وأسئلة الراهن، دفاتر المتوسط، مخبر التنمية المستدامة والحكم الراشد في جنوب المتوسط بجامعة باجي مختار عنابة ، الجزائر ، العدد (5) ، المجلد 2016.
9. سليمان، هاني، الدور التنموي للمؤسسة العسكرية:خبرات دولية ودروس مستفادة، مجلة بدائل، العدد(28)، مركز الاهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، القاهرة ، 2018.

سێیەم: نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا

1. بكاى ، ايوب، إشكاليه بناء الدولة من خلال ثورات الربيع العربي:دراسة مقارنة بين مصر وسوريا، رسالة ماجستير، جامعة زيان اشور - الجفلة، كلية العلوم السياسية، 2021.

2. لعلي، بعيو، إشكالية بناء الدولة الوطنية في إفريقيا في ظل التجاذبات القبلية: دراسة حالة ليبيا، أطروحة دكتورا،جامعة قسطينة3، كلية العلوم السياسية،2023.
3. مربعي، بلقاسم ، آليات إدارة التعددية الإثنية و دورها في بناء الدولة ( دراسة في النوذج الماليزي)، رسالة ماجستير غير منشوره، جامعة محمد خضير بسكرة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، 2015.
4. سعيد، جتو صالح ، دور القوات البيشمركة في حرب مكافحة الارهاب في العراق (2003-2014)، رسالة ماجستير ، جامعة السليمانية ، 2010 .
5. علي، رێناس بكر، هێزە نافەرمیەکان وکاریگەریەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای عێراقی دوای ساڵی (٢٠٠٣)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ،٢٠٢٢.
6. الرحماني، زيد اسامة احمد، دور المؤسسة العسكرية في الحياة السياسية في تركيا اثناء فترة حكم حزب العدالة والتنمية(2003-2010)، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم السياسية، جامعة الشرق الاوسط، 2013،.
7. صديق، سميع صابر ، کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستان –عێراق لە دوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، ٢٠٢٣ .

چوارەم: دەستوور وياساكان
1. دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥.
2. یاسای کاروباری وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە (٥) لە ساڵی ١٩٩٢.
3. یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٩) ی ساڵی ١٩٩٢ .
4. یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧.

پێنجەم: چاوپێکەوتنی کەسی
1. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریقی یەکەم بابەکر زێباری ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٥/٧/٧، دهۆک.
2. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوار روکن بەختیار محەمەد ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە،٢٠٢٥/٧/٢١، هەولێر.
3. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ د. ڕێواس فایق سەرۆکی پێشووی پەڕلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،٢٠٢٥/٧/٢٢ لە هەولێر.
4. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شێخ جعفر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٥/٧/١٤، هەولێر.
5. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فازل میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٥/٧/٢٧، هەولێر-سەلاحەدین.
6. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ فەریق عەزیز وەیسی فەرماندی هێزەکانی زێرەڤانی،٢٠٢٥/٩/١، هەولێر.
7. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن عومەر صالح فەرماندەی یەکەی هەفتای هێزەکانی پێشمەرگە، ٢٠٢٥/٨/٦، سلێمانی .
8. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ محەمەد حاجی مەحموود سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٥/٨/١٥، گوڵەخانە .
9. چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ لیوا روکن هۆگر صلاح الدین فەرماندەی فیرقەی یەکی سەر بە وەازرەتی پێشمەرگە ، ٢٠٢٥/٧/٣، هەولێر.

شەشەم: ڕاپۆرت

1. زينب ابو المجد ؛ وعصمت أكشا ؛ وشانا مارشال ، مساران للهيمنة : الشركات العسكرية في تركيا ومصر ، مركز كارنيجي للشرق الاوسط ، 2020.
2. شاڵی، سامان، توحيد قوات البيشمركة و قوات الامن : ماذا يجب على حكومة اقليم كردستان ان تفعل؟، مؤسسة المتوسطي للدراسات الاقليمية، بەرواری بڵاوبوونەوە ٢٠٢٤/٢/١٥، بەرواری سەردان ٢٠٢٤/١٢/٢٧،لەم لینکە بەردەستە: https://www.mirs.co/AR/all-detail.aspx?jimare=62
3. ڤان فيلغنبورغ، فلاديمير؛ فومرتون، ماريو ، تحدي توحيد قوات البيشمركة، مركز كارنيجي للشرق الاوسط ، 16 كانون الاول/ ديسمبر 2015، متاح على الرابط الالكتروني التالي:
https://carnegieproductionassets.s3.amazonaws.com/static/files/ACMR_Wilgenburg_Fumerton_Peshmerga_v4_AR.pdf2025/7/23 تاريخ الزيارة
4. مجموعه الازمات الدوليه ، تسليح اكراد العراق : محاربة تنظيم الدولة واستدراج الصراع ، تقرير رقم ١٥٨، 12 ايار 2015 ، متاح على الرابط الالكتروني التالي:
https://www.crisisgroup.org/ar/middle-east-north-africa/iraq/158-tslyh-akrad-alraq-mharbt-tnzym-aldwlt-wastdraj-alsra2025/7/2 تاريخ الزيارة

**شەشەم: سەرچاوەکانی زمانی تر**

1. Giustozzi, Antonio, Double-edged swords: armies, elite bargaining and state building, Crisis States Research Centre, Working Paper no. 86,2011, available at: https://www.lse.ac.uk/international-development/Assets/Documents/PDFs/csrc-working-papers-phase-two/wp86.2-armies-elite-bargaining-and-statebuilding.pdf
2. Aziz, Sardar, Reforming the Civil-Military Relationship in Kurdistan (Peshmerga), Amman, Friedrich-Ebert-Stiftung Jordan & Iraq, Amman, Jordan,2017.
3. Aziz, Sardar & Cottey, Andrew, A., The Iraqi Kurdish Peshmerga: military reform and nation-building in a divided polity, Defence Studies, 21(2), (2021), pp. 226-241. Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/14702436.2021.1888644
4. Fliervoet, Feike, Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq, Netherlands Institute of International Relations Clingendael, CRU Report March) Netherlands, 2018.
5. Gruber, Verena. Revisiting Civil-Military-Relations Theory: The Case of the Kurdish Regional Government of Iraq, (master's thesis, Lund University, 2015).
6. Gruber, Verena – Sytchev, The Social CONstruction of Military Unity and a Post- Merger Integration of the Unified Peshmerga Forces in the Kurdistan Rrgion of Iraq, (PHD dissertation), University of Birmingham, 2020.
7. Hasan Hama, Hawre, Partisan Armed Forces of Kurdistan Regional Government, Journal of South Asian and Middle Eastern Studies, usa, Vol. 41, No. 2, Winter 2018, pp.38-51.
8. Helfont, Samuel. Getting Peshmerga Reform Right: Helping the Iraqi Kurds to Help Themselves in Post-ISIS Iraq, joint report by the Foreign Policy Research Institute (Philadelphia) and the Institute of Regional and International Studies at American University of Iraq, Sulaimani,2017.
9. Saleem, Zamkan Ali, and Mac Skelton. Assessing Iraqi Kurdistans Stability How Patronage Shapes Conflict, LSE Middle East Centre, Paper Series (38), (July 2020).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

10.OECD DAC, State Building in Situations of Fragility: Initial Findings, Organisation for Economic Cooperation and Development, Paris, 2008.

**لیستی ناوی ئەو کەسایەتیانەی کە چاوپێکەوتن لەگەڵدا کراوە**

| ژ | ناو | پۆست | پلەی سەربازی | ڕیکەوتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن | شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | بابەکر زێباری | بەرپرسی ئۆپەڕاسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان | فەریقی یەکەم | ٢٠٢٥/٧/٧ | دهۆک |
| 2. | بەختیار محەمەد | ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە | لیوا روکن | ٢٠٢٥/٧/٢١ | هەولێر |
| 3. | د.ڕێواس فایق | ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان | | ٢٠٢٥/٧/٢٢ | هەولێر |
| 4. | شێخ جعفر شێخ مستەفا | جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ولێپرسراوی پێشووی یەکەی هەفتا | - | ٢٠٢٥/٧/١٤ | هەولێر |
| 5. | عەزیز وەیسی بانی | فەرماندەی هێزەکانی زێرەڤانی | فەریق | ٢٠٢٥/٩/١ | هەولێر |
| 6. | عمر صالح حسن | فەرماندەی یەکەی هەفتا | لیوا روکن | ٢٠٢٥/٨/٦ | سلێمانی |
| 7. | فاضل میرانی | بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان | - | ٢٠٢٥/٧/٢٧ | هەولێر/ صلاح الدین |
| 8. | محەمەد حاجی مەحموود | سکرتێری گشتی پارتی سۆسیال دیموکرات | - | ٢٠٢٥/٨/١٥ | گوڵەخانە |
| 9. | هۆگر صلاح الدین | فەرماندەی فیرقەی یەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە | لیوا روکن | ٢٠٢٥/٧/٣ | هەولێر |

**پاشکۆ(٢)**

**هەندێک لە پرسیاری ئامادەکراو بۆ چاوپێکەتنەکان**

| | |
|---|---|
| ناوی سیانی | |
| پلە سەربازی | |
| چەند ساڵە لەم پۆستەیە | |
| کاتی چاوپێکەوتن | |
| ئیمزا | |

| ژ | پرسیارە گشتیەکان |
|---|---|
| .1 | هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ بەشداری هێزەکانی پێشمەرگە لە پڕۆسەی بونیاتنانی دامەزراوە مەدەنیەکان لە هەرێم چیە ؟ |
| .2 | ئایە هێزەکانی پێشمەرگە هەژموونیان هەیە لەسەر دامەزراوە سیاسی و مەدەنی و یاساییەکان؟ بۆ نموونە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و وەزارەتەکان و دادگاکان. |
| | پرسیاری پەیوەندیدار بە ناسنامە وشوناسی گەلی کورد |
| .3 | ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پاراستنی شوناس وناسنامە و کولتووری کورد چییە؟ هەست دەکەن پێشمەرگە وەك سیمبولێکی نیشتمانی سەیر بکرێت لە لایەن جەماوەری کوردستان؟ |
| | پرسیاری پەیوەندیدار بە ئاڵنگاریەکان |
| .4 | ئایە ئەو ئاڵنگارییانە چین کە دێنە بەردەم ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت؟ بۆ نموونە: ئالنگاری دابەشبوونی حیزبی و سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری. |
| | پرسیاری پەیوەندیدار بە بواری پەیوەندی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| .5 | چۆن لە پەیوەندی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و دامەزراوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2003 دەڕوانن؟ ئایا دەستێوەردان هەبوویە لە کاری یەکتر یان جیابوونەوەی ڕۆڵەکان هەیە؟یان تەواوکەری یەکترن؟ |
| .6 | چون دەڕوانە ئینتیمای هێزەکانی پێشمەرگە ؟ ئایە کام لەمر ئینتیمایانە بەپێش ئەوانی تر دەکەوێت ؟ ئینتیما بۆ حکومەت و نیتشیمان ، ئینتیما بۆ پارتە سیاسیەکانیان، ئینتیما بۆ سەرکردەکانیان؟ |
| | پرسیاری پەیوەندیدار بە پڕۆسەی چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە |
| .7 | تا چ ڕادەیەک لایەنە سیاسییەکان کارلێکیان (تاثیر) لەگەڵ پڕۆسەی چاکسازی هێزی پێشمەرگە کردووە؟ |
| .8 | بەربەست و ئالنگاریەکانی پرۆسەی چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە چین؟ |
| .9 | چۆن دەروانیتە ئایندەی پرۆسەی چاکسازی هێزەکانی پێشمەرگە و یەکخستنیان؟ |
| | پرسیاری پەیوەندیدار بە پەیوەندی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ پارتە سیاسیەکان |
| .10 | پەیوەندی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و پارتە سیاسییەکان لە چ ئاستێکە؟ ئایە هێزەکانی پێشمەرگە وەک ئامرازێک بەکارهاتووە بۆ رکابەری نێوان پارتە سیاسیەکان؟ یان بۆ بەدەستهێنانی امتیازاتی سیاسی و ئابووری |
| .11 | ئایە پێتوایە هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ بەرگریکرن لە هەرێمی کوردستان ، بە سیاسی کراون لەلایەن پارتە سیسیاکان و بەرگری لە نفوز و بەرژەوەندی حیزبەکانیان دەکەن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان؟ |
| .12 | دووبەرەکی سیاسی نێوان لایەنە سیاسیەکان تا چەند ڕۆڵی هەبووە لە لاوازکردنی توانای هێزەکانی پێشمەرگە و یەکگرتوویی بڕیارە ئەمنی و سەربازیەکان؟ |

# التحديات الداخلية لدور قوات البيشمركة في عملية بناء الدولة في إقليم كردستان بعد عام 2003

| |
|---|
| رمضان احمد رشيد |
| **طالب الدكتورا – قسم النظم السياسية والسياسة العامة - كلية العلوم السياسية – جامعة صلاح الدين – أربيل** |
| البريد الالكتروني: ramadan.rashid@auas.edu.krd |
| **أ.م.د. زبير رسول احمد** |
| **قسم النظم السياسية والسياسة العامة - كلية العلوم السياسية – جامعة صلاح الدين – أربيل** |
| البريد الالكتروني: zubir.ahmed@su.edu.krd |

**الملخص**

**يعتبر عملية بناء الدولة عملية طويلة ومستمرة يتضمن إنشاء وتطوير المؤسسات الحكومية والبنى التحتية السياسية والقانونية والإدارية الضرورية لأداء وظائفها الأساسية وضمان استمراريتها، وبالنسبة لإقليم كردستان، تعتبر قوات البيشمركة أحد عوامل هذه العملية، إلا ان هذه القوات واجهت مجموعة من التحديات الداخلية المتنوعة التي أثرت سلبًا على مشاركتها في هذه العملية ، تكمن أهمية هذا البحث في تسليط الضوء على قضية حساسة تتعلق بالطموحات القومية الكردية،كما إنها تقوم بتحديد وتحليل التحديات الداخلية التي تعيق مشاركة البيشمركة في عملية بناء الدولة في إقليم كردستان بعد عام 2003، تتركز مشكلة البحث في دراسة و كشف و تحليل التحديات الداخلية التي تواجه دور قوات البيشمركة في هذه العملية المهمة، يهدف البحث بشكل أساسي إلى تحديد التحديات الداخلية وتحليل تأثيرها على أداء ودور قوات البيشمركة في عملية بناء الدولة في إقليم كردستان بعد عام 2003، يعتمد هذا البحث على منهج نوعي Qualitative)وقد استخدم المنهج الوصفي التحليلي، أما من حيث جمع البيانات والمعلومات فقد اعتمد على مصادر رئيسية مثل إجراء مقابلات ميدانية متعمقة و بشكل شبه منظم مع عدد من المسؤولين السياسيين وقادة قوات البيشمركة، بالإضافة إلى مصادر ثانوية مثل التقارير، الكتب، المجلات الأكاديمية بلغات مختلفة، والتصريحات الرسمية، وفي النهاية توصل البحث إلى عدة نتائج منها:على الرغم من توافق الاراء النظرية والعملية على وجود تحديات سياسية، مؤسسية، اقتصادية، و اجتماعية و كيفية تأثيرها على دور قوات البيشمركة في عملية بناء الدولة في إقليم كردستان، إلا أنه يوجد اختلاف في نسبة تأثير هذه التحديات على أداء هذه القوات في الدفاع عن الوطن و كردستان، كما يوجد تباين بين الرؤى النظرية والآراء العملية فيما يتعلق بتقييم آثار و طرق معالجة التحديات، فبينما يركز الجانب النظري على ضرورة إجراء إصلاحات هيكلية عميقة، تشدد الآراء العملية بشكل أكثر على الإنجازات الحالية و القدرة على معالجة العقبات على شكل مراحل دون إحداث تغييرات جذرية.**

**الكلمات المفتاحية: قوات البيشمركة ، عملية بناء الدولة ، التحديات الداخلية**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Internal challenges to the role of Peshmerga forces in the state building process in the Kurdistan Region after 2003


| |
|---|
| **Ramadhan Ahmed Rasheed** |
| **Phd Student- Department of Political Systems and Public Policy- College of Political Sciences - Salahaddin University – Erbil** |
| **Email:ramadan.rashid@auas.edu.krd** |
| **Assist.Prof.Dr. Zubir Rasol Ahmed** |
| **Department of Political Systems and Public Policy- College of Political Sciences - Salahaddin University – Erbil** |
| **Email: zubir.ahmed@su.edu.krd** |



## ABSTRACT

**The process of state-building is a long and continuous endeavor that involves the establishment and development of governmental institutions, as well as the political, legal, and administrative infrastructures necessary for performing essential functions and ensuring sustainability. In the case of the Kurdistan Region, the Peshmerga Forces are considered a vital component of this process. However, these forces have faced a range of internal challenges that have negatively affected their participation in state-building. The significance of this research lies in shedding light on a sensitive issue related to Kurdish national aspirations, while identifying and analyzing the internal challenges that hinder the Peshmerga's role in the state-building process in the Kurdistan Region after 2003.**

**The research problem focuses on studying, uncovering, and analyzing the internal challenges that confront the Peshmerga Forces' role in this crucial process. The main objective of the study is to identify these internal challenges and analyze their impact on the performance and role of the Peshmerga Forces in the state-building process in the Kurdistan Region after 2003. This study employs a qualitative approach, using the descriptive-analytical method. Data collection relied on primary sources such as in-depth, semi-structured field interviews with political officials and Peshmerga commanders, as well as secondary sources including reports, books, academic journals in various languages, and official statements.**

**The study concludes that, despite a general consensus—both theoretically and practically—on the existence of political, institutional, economic, and social challenges affecting the Peshmerga's role in state-building, there are differences in the degree of their impact on the forces' performance in defending the homeland and Kurdistan. Furthermore, there is a divergence between theoretical perspectives and practical opinions regarding the evaluation and treatment of these challenges. While theoretical views emphasize the need for deep structural reforms, practical opinions focus more on current achievements and the ability to address obstacles gradually without implementing radical changes.**


**Keywords: Peshmerga forces, The process of state building, Internal challenges**